


## ووتەیەکی پێویست ..

دەمێکە پرسیارگەلێك لەسەربیروجیهانبینی سوسیالیزم كێچیان خستۆتە كەولمەوە , بەلآم بەداخەوە لەناوپەڕاو ئەدەبیاتی چەپ و سوسیالیستییەكانی لایخۆماندا نەك هیچ كاتێك وەلآمی دروستی ئەو پرسیارگەلەت دەست ناكەوێتەوە , بەڵكو زۆر جار مرۆڤ هەست بەوەش دەكات كەئەوبزووتنەوانە بەجۆرێكیش پرسیاركردنەكەشیان لەخۆیان و خەڵكیش حەرام كردبێت , بەدوای هەرەسهێنانی بلۆكی شەرقی و ڕووخانی دەسەلآتی سۆڤیەتی جاراندا لەنێو بزووتنەوەكاندا ئەو بوارەهاتە ئاراوە كەنەك هەر لەسەرگرایشە سۆڤێتیەكە بەڵكو لەسەر تەواوی بیرو بۆچونەكانی سوسیالیزم پرسیارسەرهەڵ بدات.پرسیارگەلێك كە خوێندنەوەو تێڕامانی تازە بەرهەم بهێنێتەوەو میتۆدی پرسیاركردنەتەقلیدییەكانیش بگۆڕێ و بەوەوە نەوەستێ كە پرسیار لەسەر ئەوەبكات كە ئایادەسەلآتی سوسیالیستی ئیمكانی ئەوەی هەیە لەیەك دەوڵەتدا دابمەزرێتیان ئەم شورش وئاڵوگۆرە لەڕێگەی ئاشتی یەوە ببێتەدی؟ئێستا پرسیارەكان وەلآمەكانی تەنها بە بەڵی و نەخێر وەر ناگیرێتەوە ووەلآمە كۆنەكانیش ناتوانن قانعكەرانەبن بۆكەس, یان ئێستا ئیتر كاتی ئەوە نەماوە بەتەنها لەوەبپرسین ئایا تێزە كانی كۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆتۆبەری ڕوسیا و شۆڕشەكانی كوباوچینی ماویی وئەزمونەكانی تر بۆ دۆزی خەباتی ئێستائەم قۆناغانە دەست دەدەنەوەیا نا ؟پرسیاری ئەوەی كەئایا ئەگەر جیڤاراش

دەسەڵاتی سیاسی لە وولاتێك بگرتایەتە دەست وێنەیەك دەبوو لە کاسترۆی هاوخەباتی یان نا ؟ ئەوپرسیارانەبەجێ دەهێلێن ودەچینە سەرئەو پرسیارانەی کە ئەمڕۆ بەگەرم وگوڕییەوە دەکرێن کە بۆچی سەرباری ئەوەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا بەو ڕادەیە لەووڵاتانی پیشەسازیدا گەشەی کردو هیچ لەپێشبینیە سیاسیەکان وەك ئەوەی چاوەڕوانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سوسیالیستی دەکرا نەك هەرڕوویان نەدا بەڵکوبزووتنەوە هەقخوازیەکانیشی خامۆش کرد ؟یان جێگەی خۆیەتی کە بپرسرێت بۆچی پێچەوانەی سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی پێشووبیرمەندان و قەڵەمەسوسیالیستیەکان یایانەدواوە وتوانای لێکدانەوەو شرۆڤەکردنییان کەم بوەوە ؟ یان ئاخۆ چی بێت کەوایکردوە ئەمڕۆسوسیالیستەکان پێچەوانەی جاران بەچاوی گومانەوە ناڕواننە بزووتنەوە جەماوەریەکان وبەدگومان نەبن لەهەوڵەکانی توێژگەلی ڕۆشنبیران ؟خەڵك هەقی خۆیەتی لەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانە بپرسێت ئاخۆ سوسیالیزم ئێستاش حەتمەیەتێکی مێژووییە ؟ئاخۆ سوسیالیزم تەنهاو تاقە ئەلتەرناتیفی سیستەمی سەرمایەداریە؟لەهەموو ئەوانەش گرنگتر بۆ ووڵاتانی پاشکەوتوی پیشە سازی ئەوپرسیارانەگرنگن کەدەپرسن سوسیالیزم بەبێ ئابوریەکی پێشکەوتوو یان بەبێدەرکەوتن و ڕوودانی شۆڕشی دیموکراتی ئیمکانی ڕوودانی شۆڕشی سوسیالیستی هەیە؟ئەی ئەگەر نیە دەبێت سوسیالیستەکان چی بکەن و چی بکەنە ئامانجی خەبات و تێکۆشانی خۆیان؟ ...هتد .

دیارە وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارانە بەتەنهاکارو ئەرکی گروپێکی دیاریکراو نیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە ئەوەش مانای وانیە کە ئیترگروپە سوسیالیستیەکان بێ دەنگەی لێبکەن و گوێ خۆیان لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان بخەوێنن ,چونکە ئاشکرایەکە هەلومەرجی تازەیخەبات بیرو تێڕوانینی تازەو خوێندنەوەی نوێی گەرەکەو جارێکی تریش ئەگەری دووبارە بونەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چین و کوبا ئەستەمە بەو جۆرە ڕووبدەنەوە کەڕوویاندا , ئەمە

لەگەڵ ئەوەی کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەستەمە جارێکی ترئەو بوارە برەخسێننەوە کە فیدڵ کاسترۆو چەندی تری وەك ئەوی بەناوسوسیالیزمەوە گەیاندە لوتکەی دەسەڵات .

خوێنەری خۆشەویست , ئەو نوسینەی لەدووتویێی ئەو نامیلکەبچوکەی لەبەردەستتدایە ,خوێندنەوەیەکە یان بلێین , هەوڵێکەلەیەك کاتدا هەم بۆوروژاندن هەم بۆوەڵامدانەوەی هەندێك لەو پرسیارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن, هەرچەندە دیارە مەرجیش نیە توانیبێتمان وەڵامی تەواوو دروستی هەمووئەو پرسیارانەمان دابێتەوە کە ئێستا لەسەر بیری سوسیالیستی هاتونەتە ئاراوە , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارین توانیبێتمان بەو هەوڵە بچوکەمان خزمەتێکمان بەبیرو بۆچونی یەکسانیخوازی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کردبێت .

2003/9/20

دیمەشق

## سۆسیالیزمی باوو خوێندنەوەیەکی نوێ ..

لە دوای سیستەمی فیودالی و لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداریدا , ئەو پرسیارو ئەگەرانەش سەریان هەڵداو لە دایك بوون , کە بە چاوی گومانەوە دەیڕوانییە بیرۆکە فەلسەفیەکەیی و بەهەمان دیدیشەوە کەوتەهەڵسەنگاندون لێکدانەوەی دۆزی سیاسی و ئابوری و ئەو هەڵپێکانەکۆمەڵایەتیانەی کەلەهەناویدادروست دەبێت , هەروەهالەویشەوە کەوتە دەسنیشانکردنی بەشێك لە هەنگاوەکانی ئایندەی و بەو ئەنجامەگەیشت کەئەم سیستەمەش قوناغێکی کۆمەڵایەتی گرنگی مرۆڤایەتی و عابرانەیە ناتوانێت تاسەر بمێنێتەوە , مارکس وهاوبیرانی جگەلەوەی کە ئەو پرسیارانەیان قوڵترو سیستماتیکتر و ڕۆشنترکردەوەولایەنەشاراوەکانی

ئایدلوژیاکـــەیان خســـتەڕوو لەهەمانکاتیشـــدا هـــەوڵی ئەوەشـــیاندا لـــە پـــاڵ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی یەکۆکیەکۆمەلأیەتیەکانی ئەم سیستەمەدا , ئـەو ئەڵتەرناتیڤـەش دەستیشـان بکـەن کـە دەبێتـە جێگرەوەوئەلتـەرناتیفی بۆیـە بـەزەرورەت ئـەو هەلومـەرج وشێوازانەشـیان ئامـاژە پـێ کـرد کـە لـە هەناویـداو لەقوناغە جیاجیاکاندا مرۆڤەکان و مرۆڤایـەتی لـەژێر چـەترو هەیمەنـەی ئـەم سیستەمەدا چیان بەسەر دێت و چۆن دەتـوانن پـێ بنێنـە قۆنـاغێکی بـالاّ تـری کۆمەلأیەتیـەوە ,مـارکس وئـەنگلز بـەم لێکدانەوەیەشـیان کەبناغەکـەی لەسـەر کۆمەڵێك ئەگەری سیاسی و ئیسپاتاتی مادی وەسـتابوو توانیـان بـەردی بناغـەی فەلسەفەیەك دارێـژن کەلەچـەند ڕووە وە جیـاوازی هـەبێت لەبیوربۆچونەکانی پێش خۆیـان و بەتایبـەتی مـارکس بەخوێندنـەوەی لەسـەر ئاینـدەی رامیـاری و ئابوری سیستەمی سرمایەداری توانی خۆی لەو فەیلەسوفانەی پێش خـۆی جیـا بکاتـەوە کـە ئـەوان هـەر توێژینـەوەو لێکدانـەوەیان لەسـەر ڕابـردوو وئەوکاتانـە دەکردکەمەوجود بوو ،یان بەجۆرێکی تر ئەوان نەیان توانی قسـەیەکی ڕۆشـن و ئیسپاتیان بۆئاڵوگۆڕی هەلومەرج وئایندە هەبێت . مارکس کـە بوێرانـە مـەرجی گۆڕانکارییە ڕیشەیەکانی بەستەوە بە هەلومەرجی دیاریکراوەو مـەرجی ڕزگـاری تـــەواوەتی مرۆڤیشـــی بەســـتەوە بـــە تیاچـــوون ونـــەمانی ئـــەو سیســـتەمەو هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێ و دامەزراندی کۆمەڵی کۆمۆنیستی یەوە, ئیترلای ئەو مانەوەو درێژەکێشانی سەرمایەداری یانی مانەوەو بوونی ژیانی نابەرابـەر و نـامۆبوون و ململانـێی کۆمەلأیـەتی چـونکە لای وابـوو لـەو شـێوە سیسـتەمی بەرهەمهێنانـــەدا هاوشـــێوەی سیســـتەمی فیـــودالی بـــەهۆی بـــوونی جیاوازیـــە کۆمەلأیەتیەکانـەوە, کۆمـــەڵگا نـــاجۆر و ژیـــان دژوارو تاکـەکانیش بـەهۆی کـاری بـــەکرێ وە نـــامۆ بەسروشـــتی مرۆییانـــەی خۆیـــان دەبـــن ناشایســـتە دەژیـــن بـــێ ئیرادەدەکـرێن , هـەروەها لـە هـەناوی ئـەم سیسـتەمە تازەیـەدا چـینێك کـە لـە زۆربەی کۆمـەڵ پێـك دێـت دەبنـە کۆیلـەی دەسـتی کەمایەتییـەك و زێـدەبایی و بەرهەمهێنانی بێ ئامانج دەبێتە جێگای ململانێیەتی ئەسڵی لـە نێـوان ئـەو دوو

چینەداو  لە ئاكامدا ئەو ململانێیەتیە  دەبێتە هۆی شۆڕشی كۆمەڵایەتی و لە ناوچوونی سیستەمی سەرمایەداری . ئەو كاتەی ماركس كە ئەو تێزانەی دادەڕشت هێشتا و شۆڕشی پیشەسازی بە شێوەی گەشەبەدەرنەكەوتبوو چەكی كۆكوژی و ئەتۆمی وتوانای سەربازیوەك  ئێستا بوونیان نەبوو, هەروەها سیستەمی سەرمایەداری لەسەرەتای ئەزمەكانیدابوو, بۆیە هەست بەو مەترسییانەو كاركردەكانیانلای ماركس نەدەكرا,  زیادەڕۆیی نییە گەر بووترێت ماركس نەیتوانیوە پێشبینی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕو فەرەزیاتانە بكات كە ئەم سیستەمە پیایدا تێدەپەڕێت! هەروەها دیسانەوە دەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی بە بیرتیژی و واقع  بینی خۆی توانی كۆمەڵێك  پرسیارو ئەگەری تازەش لەسەر ئەم سیستەمە و مرۆڤایەتی بهێنێتە ئاراوە,  بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا نەیتوانیوە پێشبینی هەموو دەركەوت وئاڵوگۆڕوئاكامەكانی سیستەمی سەرمایەداری وەك ئێستا بكات وئەو ڕاستیانەش  بپێكێت كەئێستا لەنێو واقیعی ئەم سیستەمەدا هەیە و بیانخاتە ناو چوارچێوەی لێكدانەوە فكری وسیاسیەكانی خۆیەوە كە ئەم لەنگیەش بە یەكێك لەو گیرو گرفتە دەزانرێ كە ماركسییەكان تاكوو ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان لیێ رزگار بكەن وپارسەنگی بدەنەوە , بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا ناتوانرێت بڕوا بەوتێڕوانینە بكرێت كە لای وایە ماركس سەرلەبەری بۆچوون و تێڕوانینەكانی لەسەر سیستەمی سەرمایەداری بەهەڵە لێكدراوەتەوە وهەڵەو  فێڵێك لەفیكری ئەودا لەئارادا بووە زیاتر لەوەی كە بیرو بۆ چونەكانی لە ڕاستییەوە نزیك بێت , بۆ نمونە بیرمەندێكی وەك كارل پۆپەر دەڵێت(( سیستەمی سەرمایەداری بەو شێوەیەی كە ماركس وەسفی كردووە و باسی لێوە دەكات هیچ كاتێك بوونی نەبووە , ئەم تەعبیركردنە بە تەواوەتی خەیاڵییەو جۆرێكە لە فێڵكردن....... , هەمیشە لە ژیاندا دەوڵەمەندان وهەژاران بوونیان هەبووە وەزیفەی ئەخلاقیش لە هەمان كاتدا لە ئارادا بووە بۆ كۆمەك كردن بە هەژاران و لێ قەوماوان بەڵام ئەمڕۆ كرێكاران لە ڕیزی هەژارن و لێ قەوماواندا نین ))ئەم لێكدانەوەی پۆپەر

لەسەربۆچـوونەکانی مـارکس و سیسـتەمی سـەرمایەداری هێنـدەی پەیوەنـدی بەئەزمونی سیاسی ولێکدانەوەکانیخۆیەو هەیە هێندە لەڕاستیەوە نزیـك نیـەو پەیوەندی بە خوێندنەوەی مارکسەوە نییە بۆ سیستەمی سەرمایەداری , ,ڕەنگە ئەوەی هاندەری سەرەکی بێت کە وا ئەکات کەسێکی وەك پۆپـەر ئـەو بۆچونەی هـەبێت وەك جۆرێـك لـە هەلۆیست وەرگـرتن بەرامبـەر سۆشـیالیزمی بـاو کـە ئێمـەش لێـرەدا مەبەسـتمانە هێنـدەی بتـوانین ئـەو جیاوازییانـە لـە نێـوان سۆشـیالیزمی بـاو (تـۆبزی وئیرادەگـەر)دا لـە گـەڵ بۆچـونەکانی مارکسـدا هەیـە نیشـان بـدەین و بیخەینـە روو ئەوەیـە کەئـەو یـەك سوسـیالیزمی بینیوەتـەوە لەدەسەلأتدا کەئەویش ئەو سۆشیالیزمە باوە بووە کە بە درێژایی سەدەی بیست پـێی لەسـەر مەسـەلە ئابوورییـەکان و چارەسـەرەکانی دائـەگرت و دەیویسـت هـەموو تێگەیشـتنەکانی مارکسـیزم لـەو مەسـەلەیەدا چـڕ بکاتـەوە و مەسـەلە مرۆییـەکان و کێشـە رۆحییـەکان لەوێـدا بشـارێتەوە کـە گوایـە بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی یـانی گرتنـە دەسـتی دەسـەلأتی سیاسـی لـە ڕێگـای هێـزەوە و چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری لە ڕێگای هەلۆەشاندنەوەی مالکییەتی تایبـەتی ودامەزرانـدنی جـۆرە مالکییـەتێك کـە سـەرمایەداری دەولـەتی لێبکەوێتـەوە . چـەمك و کارکردەکـانی ئـەو سوسـیالیزمە ئـەو تێگەیشـتنە دەخاتـە بـەر چاووگرەوی خۆی کەلە ئاکامدا مانای سۆشیالیزم کورتبکرێتەوە بۆ کودەتایـەکی سیاسی وگوێزانەوەی هێزو دەسەلأت لە دەست تاقمێکەوە بۆ دەست تاقمێکی تـر, لـەڕووی مادیشـەوە نەهێشـتنی مولکییـەتی تایبـەتی یـانی دەسـتگرتنی دەولـەت وحزب بەسەر هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وکۆمەلدا و بـە کارهێنـانی ئـەو هێـزە مـادی ومرۆییـە لـە دژی نـەیاران و هـەر دەنگێکـی نـارازی بـە حیـزب ودەسەلأتەکەی , بەلأم لەکاتێکدا کەمارکس هەلۆەشاندنەوەی مولکیەتی تایبـەتی لائامانج نەبووە و تەنهاوەك هۆیەك چاوی لێکـردوە بۆگەیشـتن بـەئامانج .کـارل پۆپــەر راسـت دەکـات لـە سیسـتەمی سـەرمایەداریدا ولەوانـەش کـە نـاوی سۆشیالیزمییان لە خۆییان نابوو, مەسەلەی دەسـتگیرۆیی هـەژارن و لێقـەوماوان

هێنـدەی مەسـەلەیەکی ئەخلاقییـە وراگرتنـی شـعورە هێنـدە مەسـەلەیەکی مرۆیانـەو لەبـەر چاوگرتنی ژیـانی مرۆڤـەکان ولایەنـە رۆحییـەکان نییـە, ئـەو کۆمـەککردن و دەسـتگیرۆیی کردنـە دەوەسـتێتەوە لەسـەر شـتە ئەخلاقیـەکانی دەولەمەنـدانوراگرتنی شـیرازەکان نـەك چۆنیەتی بـاری ژیـانی هـەژاران ، ئـەم ئاوەژووکردنـەوەو فێـڵ کردنـەش کەپۆپـەر باسـی دەکـات دیسـانەوە تەمـەنی دەگەرێتـەوە بـۆ سـەردەمی مـارکس خـۆی ئـەو کاتـە هەرچـەند خـۆی زۆری هەولـدەداو لـە دژی ئـەو بۆچـونانە دەوەسـتایەوە بـەلام دواتـر سیاسـییەکان و دەسـەلاتخوازان توانیـان سـەرکەوتن بەدەسـت بهێـنن پێچـەوانەی ئـەوەی کـە مارکسیزم عیلمـی رزگـاری بـەخش بێـت ، بـووە ئـەو تەڵەیـەی کـە خاوەنەکـەی کەسانی وەك نیکۆلا چاویسکۆ و ستالین و....... .

لەشۆرشی ئۆکتۆبەری روسیادا کـە ئـەو دەمـە دەستنووسـە گـرنگ و پرپایەخـە فەلسـەفی وئابوریـیـەکانی مـارکس تـا سـالانی 1932 بـلاو نـەکرابوەوە وە ئایدیۆلۆژی ئەلمانیش تا سالی 1926 یەك بەشی بلاو بوە تـەوە , بـەدوای بلاو بوونەوەی ئەو نوسراوانەدا سۆشیالیستەکانی ئەوسەردەمەی تووشی شۆك کـرد , هەر بۆیە بۆ خۆرزگارکردن لـەوە مارکسیان دوو لـەت کـردو نـاوی مارکسـی لاوو پیریـان هێنایـە ئـاراوە و جـارێکی تـر سیاسـییە ئیرادەگـەرەکان توانیـان سۆشـیالیزمی تـۆبزی و ئیرادەگەرانـە بکەنـەوە بـە فیکـری باووبـەناوی سۆزیالیزمەوە درێژەبە شێوازی دەسەڵاتخوازی خۆیان بدەنەوە.

مـارکس بۆیـە دژی مولکداریێتی تایبـەت بـوو چـونکە بەهۆیـەکی گـەورەی وای دەبینییـەوە کـە دەبێتـە هـۆی نابەرابـەرییێتی لـەنێو کۆمـەلگادا , ئـەو مەسـەلە ئابورییەکانی بەو هۆیە دەزانی کە دەبێتـە هـۆی ئـالۆزی و شـێواندنی کەسایەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵ ودەسـەلات دەتوانێت لەرێگـەی کـونترۆڵ کردنـی یـەوە ئـەو داگیرکردنـە بەئـەنجام بهێنێـت کەمرۆڤـەکان دەکاتـە کۆیلـەی خـاوەن کاروسەرمایەئیرادەی رەتکردنەوەیان تیادا دەکوژێت , بە جۆرێکی تر سۆشیالیزم لای ئەو یانی رزگاری مرۆڤەکان لە باری ناهـەمواری و بەدەست هێنـانی ئـازادی

ڕۆحــی, مەبەســتی لــە هەڵوەشــاندنەوەی موڵكییــەتی تایبــەتیش ئــەوەبوو یەكسانییەك باس بكات كە لە ئاكامدا واقیع تاكەكان بخاتە بەردەم بوارێكی وا تـا لـە ڕووی ڕۆحـی وجەسـتەییەوە پـارێزراوبن وفرسـەتی ئەوەبهێنێتـە ناوژیانـەوە تامرۆڤەكان گەشەی سروشتی خۆیان بكەن ئەمەش لەلای ئـەو لـە كاتێكـدا دێتـە ئاراوەو بوونی ڕاستی دەبێت كە بەرابەری لایەنی ئـابوریش بگرێتـەوە ڕاسـتیەك لەناوكۆمەڵدا خـۆی نیشان بـدات كەلەهـەڵاواردن خـاڵی بێـت یـان كـە كـار ئـازاد بووبێـت وشـێوازی بەرهـەمهێنان سـڕابێتەوە لــە نـامۆیی و بەرهـەمهێنانیش ئامانجەكەی بووبێتەمرۆڤ وقازانج پەرستی لە ئامانجی باڵا خرابێت..

لــە سۆشـیالیزمە ئیرادەگەریەكــەدا ئــەوەی كــە بــرەوی پــێ نــەدەدرا لایەنــە ڕۆحیـەكان بـوو مەسـەلەی تـاكی نـاو كۆمـەڵ بەتـەواوەتی پشتگوێ خـراب بـوو ئەوان هەوڵیان ئەدا هاوشێوەی سیستەمی بازاڕی ئازاد  خۆیـان پرچـەك بكـەن و ڕێـژەی بەرهـەمهێنانی بـێ ئامـانج بـرەو پـێ بـدەن , بزوتنـەوە مەتڵەبیـەكان خەفەبكــەن و دەســەڵاتەكەیان لــە ڕێگــای  هێــز نوانــدن وتونــدو تیژییــەوە پارێزراوتـر بكەن وبازار بگرن و هاوپـەیمانێتی گـورگ بكـەن وپـەل بهاون , هـەر بۆیـە زیـادە ڕۆی نییـە گـەر بووترێـت كرێكـار ڕەنگـە لـەزۆر ڕووە وە سیسـتەمی سەرمایەداری پێ باشتر بێت لەو سۆشیالیزمە تاكرەهەندی و تۆبزییـە, هـەروەها بـۆ سۆشیالیسـتێكی راسـتەقینەش ئاشـكرایە كـە مامەڵـەكردن لـە ڕووی سیاسـی وفیكرییەوە لە گەڵ بازاری ئازادا لە بارترو گونجاوترە تـا لەگـەڵ دەسـەڵاتی وەك ئەو جۆرە سۆشیالیستیانەد ا, ئەمە جگە لەوەی ئەو سۆشیالیزمە لـە هەنـدێ وڵا تدا دیكتاتۆری بێپەردەی وای لێ كەوتەوە كە لە ڕووی ئابورییەوە هـەموو شـتێك بۆ دەوڵەت قۆرخ كرابوو, لـە ڕووی سیاسیشـەوە هـەموو دەنگێك جیـا لـە دەنگـی حزبــی دەســـەڵات یاســـاغ كرابـــوو, مرۆڤـــەكان لەوسیســـتەمانەدا كـــەتوانای ڕەتكردنــەوەیان لــێ زەوتكــراوە بەرەویــەك ڕوانگــەیی و یــەك تێگەیشــتن دەچــن وتوانــای بــزاوتن و بیركردنــەوەیان لێ زەوت دەكــرێ كەئەمــەش بۆخــۆی جگــە

لەبواری کۆیلەیەتی وملدان بەئەمری واقیع هیچ بوارێکی تر لەبەردەم کۆمەڵدا ناهێڵێتەوە .

مارکس بە حوکمی ئەوەی نەیتوانی پێشبینی ئەوەبکات کە سیستەمی سەرمایەداری توانای ئەوەی هەیە وەك ئێستا خۆی لە گەڵ هەلومەرجەکاندا بگونجێنێ وخۆی لەبەرگی تردا تازەبکاتەوەو ئیدارەی دەسەلأت فراوانبکات وسیاسەتی نوێ بهێنێتە ئاراوە , بڕواشی بەوە نەبوو کە تەمەنی ئەو سیستەمە هێندە درێژە بکێشێت و توانای پینەو پەرۆ کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئەمرۆ هەبێت . ئەو گۆڕانکاریانەی کەسەرمایەداری تاکوئێستا کردویەتی ودەیکات هەرچەندە لەنێو بازنگەی لێکدانەوە ئابوریەکانی ئەودا دەرنەچوە بەلأم توانیویەتی تەمەنی خۆی تائەجەلێکی نادیار درێژبکاتەوە چونکە ڕەنگە گەرمارکس بڕوای بەوە هەبوایە و ئەو پێشبینیەشی بکردایە کە چەند نەوەیەك لەم سیستەمەدا لە دایك دەبن و دەبڕێنەوە و کارکردە کانی ئەم درێژبوونەوەیە بەم شێوەیەی ئێستا تونای شۆڕشگێڕی وڕووبەڕووبونەوەکان کەم دەکاتەوەو هەڵدەلووشێ, یان گەر پێشبینی ئەوەی بکردایە کەسیستەمی تازە توانای داگیرکردنی لەناوەوەی مرۆڤدا هەیە لەڕێگەی پەیوەستکردن و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ بە هاتنە ئاراوەی ئەو کالأیانەی کەخۆیان بەرهەمی دەهێنن, ڕەنگە لێکۆلینەوەکانی بۆچونە سیاسیەکانی ئەنجامگیریەکی تری بدایە بەدەستەوە , یان بەشێوەیەکی ترگەر هەستی بەترسناکی چەکی کۆکوژی بکردایە وبوعدی مەترسیەکانی لەسەر مرۆڤایەتی ببینیایەتەوە , یاخود درکی بە ترسناکی لەڕادەیەدەری پیسبوونی ژینگە وەك ئێستا بکردایە , بێگومان تێزەکانی تواناو کارکردێکی تریان بۆ ئەمڕۆ لە خۆ نیشان دەدا وئەویش خوێندنەوەیەکی تری دەبوولەسەرووردەکاریەکانی ئەم سیستمە, یان ڕەنگە گەر بیزانیایە چینی کرێکار لەولأتەپیشەسازیەگەورەکاندا دەبێتە بەشێك لەنەسیجی جیانەکراوەی سیستەمی سەرمایەداری و تواناشورشگێڕێتیەکەی وەك ئەمڕۆ لەدەست دەدات, ئەواڕەنگە هێندە مەسەلەی چینی کرێکار نەبووایەتە میحوەری

سەرەکی باسەکانی وتەنها پرۆلیتاریای بەهێزی ڕزگاری بەخش نەناسیایە , چونکە ئاشکرایە ئەمرۆ لای تووشبوویەکی نەخۆشی ئایدز کەئێستا ملیۆنەها کەسی توش بووی ئەو نەخۆشییە هەیە, مەسەلەی نامۆبوون و بێزاری زۆر زیاتر هەست پێدەکرێت تاکوو کرێکارێك , هەستکردن بەمەترسی بە کارهێنانی چەکی کۆکوژی و هەڵگیرساندنی جەنگ و برسێتی بێکاری زۆر لە رۆحی تاکەکاندا کارایی زیاتری هەیە لەوەی کە هەست دەکەن بە هۆی زێدەباییەوە زوڵمیان لێ دەکرێت ولەدەرەنجامی پێگەی کۆمەڵایەتی وکارەکانیانەوەلەژیاندا تووشی نامۆبوون دەبن.. راستە ئەمڕۆش وەك ئەوەی کە مارکس باسی لێوە دەکرد لە نێو کۆمەڵدا دوو چینی ئەسڵی هەیە بەلاّم بەهۆی ئاڵوگۆڕە سیاسی وکۆمەلاّیەتییەکانەوە بەهۆی هەڕەشە بەردەوامەکانەوە لە مرۆڤایەتی و بێکاری زۆر و بوونی هەندێك ئیمتیازاتی پیشەیی و شارەزای کارەوە , یان بەهۆی جیاوازی گەورەی چۆنیەتی ژیانی خەڵکی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە , ئەمڕۆ ئیتر هەربەتەنها چینی کرێکاران نین کە هەست بە نامۆیی بکەن, هەڕەشەی بلاّوبوونەوەی جەنگ ومەترسی ئاوارەبون وبرسێتی لەسەر ژیان بوونەتەڕوداوێکی بەردەوام وتیکراربوەوە , هەروەها لەنێوپێکهاتەکۆمەلاّیەتیەکانیشدا ئاڵوگۆڕێك هاتۆتە ئاراوە ,وەك ئەریك فرۆم دەڵێ : ئەمڕۆ چیتر کرێکاران بەهۆی شارەزایی و ڕشتەی ئیشەکانیانەوە کەمتر پێویستیان بە زەردە خەنەی درۆ هەیە بۆ سەرنجراکێشانی بەرامبەرەکانیان بە پێچەوانەوە کاری زۆرێك لە دوکاندارو شوێنەکانی تر لەبەرامبەر ئەوانی تردا زیاتر هەست بەنامۆیی خۆیان و کارەکانیان دەکەن , بەلاّم ئەو کاتە کە مارکس جەختی لەسەر کرێکاران دەکردەوە سەعات کارپتر لە دەسەعات کاربوو و ئەو چینە بە هۆی دژواری کارو گرانی یەوە توشی گەورەترین هەلاّواردنی سیاسی کۆمەڵایەتی وزوڵم لێکردن بووە..دیارە دیسانەوە لەگەڵ ئەو راستییانەشدا لەمرۆدا رۆڵی چینی کرێکار لە شۆرش وخەباتی رزگاریخوازانەدا کەم رەنگ نابێتەوە بەلاّم بەهۆی ئەو راستییانەوە

نەدەتوانین بڵێین  کە ئەوان لەمڕۆدا نە بەتەنها هەست بە نامۆیی و ترس و دڵە ڕاوکێ دەکەن  نە دەشتوانین بڵێین ئەوان بە تەنها  خوازیاری ژیانێکی باشتر و  ئاسودەتر دەبن, هەر بۆیە  هەڵەیە گەر لە شۆڕشدا  شەریك وبەشداری و هاوکاری چین وتوێژەکانی تر  لە بیر بکەن و بیدە نەدواوە ,چونکە گەر کۆمۆنیزم چارەسەرێکی یەکلایکەرەوەی  ناکۆکی  مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و مرۆڤەکان بێت  ، ئەوابێگومان ناتوانین  ڕۆڵی مرۆڤ  لەم چارەسەرکردنەدا بدەینە بەشێکی و بەشەکەی تریشی پشتگوێ بخەین, وەك مارکس  لە شیعرێکدا کە بۆ تێزەکانی نوسیوە و دەڵێت هەر ئەوانە خوا نەناس نین  کە سوکایەتی بە خواوەندی هەموانەوە دەکەن  بەڵکوو  ئەوانەش خوانەناسن  کە بڕوا داری هەموان  بۆیەك خواوەند دەگێڕنەوە ..

## چەپی کوردی... بزووتنەوەیەکی بێ پرسیارو بێ وەلاّم

هەرچەندە مارکسلەتێزەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بیروباوەڕەکان هەمیشە لەسەر ڕۆژگارو با ری مێژووی دیاریکراو وەستاون وپابەند دەبنەوە  بە ڕوو داوەکان وکاتی دیاریکراوەوە  , کە چی  بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینەوە سۆشیالیستەکان وهەندێك لە بیریارەمارکسییەکان لەدوایمەرگی مارکسەوە توشی چەقبەستنێکی توندو بەستەڵەکی فکری بوون مانەوە لەسەر ئەو تێڕوانین و بۆچانانەی کەمارکس وەك میرات جێیهێشتبوون, ئەم بە پیرۆزگرتن و چەقبەستنە کە ڕێك پێچەوانەی زیندوێتی فکری مارکس خۆیەتی , وای کرد کە تیۆری مارکسیزم بۆ خەبات لەمڕۆدا ببێتە شتێکی وشکهەلاّتووی وا کەلە ڕادیکالییەت و زیندوێتی ونوێبوونەوەی خۆی لە دەست بدات  و بە تەنها ببێتە شتێك لە ڕابردوو ..مارکس تا خۆی لە ژیاندا بووبە توندی دژی ئەوە بووکەوا لە گەڵ بۆچوونەکانیدا مامەڵە بکرێت , هەربۆیە خۆی لە ژیانیدا زۆر گۆڕانکاری بەسەرگەلێك بۆچوون و تێگەیشتنەکانیدا دەهێنا , بۆ ئەو ڕۆشنبوو کە لە دنیای سەرمایەدا کێشەو ناتەباییەکی زۆر هەیە

, هەروەها خاڵی سەرەکی ئەو کێشەو ململانێیانێ وهەڵاواردنی بە زێدەبایی دەستنیشان کردبوو, بەڵام لە لایەك بە حوکمی ئەوەی لە ماوەی بیست وشەش ساڵی نوسینی سەرمایەدا گەلێك گۆران هاتبووە پێشەوە مایەی هەڵویست بوون سەرمایەی بەتەواوی نەنوسیبوو لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی مەسەلەی خۆ ڕزگارکردن و کۆتای هێنانی چەوساندنەوەی دەبەستەوە بە مێژوو و کاتی دیاریکراوەوە, هەر بۆیە لای ڕۆشن نەبوو کە تەنها یەك شێوازی خەبات کردن دەستنیشان بکات و جەختی تەواوەتی بخاتە سەر تاکە ڕێگایەك بۆ رزگاربوون لەچەوساندنەوە بەڵکوو هەموو ئەوانەی ئەو دەیووت و پێشنیاری دەکردن جگە لە فەرزیاتەکانی سەردەمی خۆی هیچی تر نەبوون, هەربۆیە ئێستاش لە جیهاندا ئەو بەشە لە بۆچونەکانی مارکس کە باس لە مەسەلە ئابووری و مێژووییەکان دەکات وەك تیۆر بە زیندوێتی ماونەتەوە بەڵام هەرچی چارەسەرە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکەشێتی توشی شکست و قەیران بووە دەست نادەن بۆهەمووکات و جێگەیەکی خەبات . بەشێکی زۆرلە بزوتنەوەی سۆشیالیستی ئەمڕۆ کە خۆی ئامادەنییەو ئامادەش نەبووە لە فەرەزیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانەوە هەنگاو هەلگرێت ئەمڕۆبەم هەڵەکوشندەیەیی نەك هەر خۆی توشی شکستی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە بە ڵکو نەشیتوانیوە پێشنیهادێکی تازەی ئیجابی وعەمەلی ڕۆشن بۆ ئاینده بدۆزێتەوە و خۆی خستۆتە پەراوێزی ململانێکان و گۆرانکاری و ڕوداوەکانەوە , ئەمڕۆ تەنها ئەوەی کەبە دەستیەوە ماوەتەوە جگەلە هەنگاو ڕەچەشکاندنەکانی مێژووی بەرهەمێکی فکری وسیاسی عەمەلی پێ نیە بۆیە بەناچار دیسانەوە جەخت کردنەوەیە لە سەر شتە کۆنەکانی سەردەمی پێشوو, لینین یەکێك بوو لە وانەی کە توانی لە ڕووی عەمەلی سیاسییەوە هەندێك گۆڕان بکات هەر ئەم هەنگاوەشی بووە هۆی ئەوەی کە سۆشیالیزمی روسی لە چاو وڵاتانی تردا چەن هەنگاو بەرێتە پێشەوە.. لە تێزەکانی ئەیلولی 1914دا سێ خاڵی گرنگ بۆ خەبات و شۆڕش دەستنیشان کرد کە دوورو نزیك پەیوەندییان بە مەسەلەی

تیۆری زێدەباییەوە نەبوو, یەکەم دامەزراندنی کۆماری دیمکراتی شۆڕشگێڕ کە تیایدا مافی یەکسانی تا ئەو پەڕی ئازادی تیا مسۆگەر بکرێت وچارەسەری کێشەی میللەتان بکات, دووەم دەستکۆتاکردنی فیودالیزم بە تەواوەتی , سێیەم کەمکردنەوەی سەعاتکارو دەستنیشانکردنی بۆ هەشت سەعاتکار., ئیتر بە دوای ئەوەوە سۆشیالیستەکان لە جیهاندا بوون بە دوو بەشی سەرەکییەوەکە وەك دوو هێڵی تەریبی بە یەك نەگەیشتوو تا ئێستا ماونەتەوەباڵێکیان کە بەخۆی دەڵێ ئەرسۆدەکسی پێیان وایە لە هەموو کەس زیاتر وەفاداری دەقە پیرۆزەکانن دەم و دەست داوای دامەزراندنی سۆشیالیزم دەکەن دەیانەوێت لە چاو تروکانێکدا یاسای موڵکداریتی تایبەتی هەڵوەشێننەوە و بەمەش کۆتایی بە سیستەمی سەرمایەداری بهێنن و لە جێگەی ئەودا دەسەلاتی چینی کرێکاران راگەیەنن ..,باڵەکەی تریش پێیان وایە کە خەباتی شێنەیی بکەن و هەندێك بڕگەو پایەی مارکسیزم بگۆڕن کە تاکوو بتوانن لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا بمێننەوە و دروشمی خۆشگوزەرانی و پێکەوە ژیان بخەنە جێگەی دروشمە سوورو ئاگراوییەکانی سۆشیالیستە تەقلیدییەکان وە هەر ئەم دوو باڵەش چەندین لق و پۆپی تریان لێ بۆتەوە وەك سۆشیال دیمکراتی فرانکفۆرتی و سەندیکالیستی و ستالینیزمی و رادیکالیزم و ئەنارشیست....هتد

## سۆشیالیستی کوردی

لە کوردستاندا کەهەمیشە سۆشیالیزم هەوڵێکی لاسایکەرانەوەی دەرەوەی خۆی بووە تا ئێستا بە درێژای مێژووی ئەو فیکرە یە بیریارو کەسایەتییەکی قسەکەری دیاریکراوی خۆی نەبووە کە بتوانێت لە هەلومەرجی سیاسی کۆمەلآیەتیو ئابووری کوردستان ورد بێتەوە, سۆشیالیزم وبیروبۆچونەکانی وەك چەمکێی کارای خەبات بیگرێت بەدەستەوە و کاری لەسەر بکات ,حیزبی شیوعی کە بە دایکی چەپ دەزانرێت هەر لە سەرەتاوە بە هەردوو پێوە کەوتە هەڵەی لاسایکردنەوەو گیانی داهێنان و هەڵوێستکردن وەرتکردنەوەی لە ناو سۆشیالیستە کاندا کوشت لەوەش خراپتر پاشان کەوتە ژێر کاریگەری

وهەژموونگـەری سـتالینزمەوە , دواتـریش هەرچـی لـەو جیـا بـووەوە نـەیتوانی تـۆزی سـتالینیزم بـە تـەواوی لـە شـانی خـۆی بتـەکێنی هەرچـی ڕێکخراوەکـانی دواتـری وەك كۆمەڵـەو کارگـەران و ئـاڵای شـۆڕش و ڕەوتـی کۆمۆنیسـت بـوو , سەرباری ئەوەی هەوڵێکی نوێیان دا کە خۆیان لە لاسایکردنەوە بپارێزن , بـەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرکەوتوو نەبوون , چونکە هـەم کـەم ئـەزموون بـوون لە دنیای سیاسیدا هـەم لـە ڕووی فیکـری سۆشیالیستیشـەوە دەستکورت و هـەژار بـوون ونـەیان تـوانی لـەڕووی عەمەلیـەوە ئـەو فاسـیلەفراوان ودرێژبکەنـەوە کەجیایان بکاتەوە لەستالینیزم, هەربۆیـە نـەیانتوانی لـە پراکتیکدا نمونەیـەکی نـوێ پیشـان بـدەن کـە جیـاوازی ڕیشـەیی هـەبێت لـەوەی پێشـووتر .. لـە دوای ڕاپەڕینی 1991 وە تـا ئیسـتاش کۆمـەڵێك ڕیکخـراوی سۆشیالیسـتی هـەن بـەڵام نـەخۆیان نەکەسیش نازانێت ئەمانـە سـەر بـە میراتـی کـام قوتابخانـەو ڕێبـازی سۆشیالیستین ؟ کەس نازانێت ستراتیژیەتیان چییە ؟ سۆشـیالیزم چۆن دەبیـنن خەباتی ئەنتەر ناسیونالیستی و دروشمی کرێکارانی جیهان یـەکگرن  چۆن لـە نـاو کۆمـەڵگای کوردیـدا وردەکەنـەوە ؟ بڕوایـان بـە خـەباتی چینایەتییە یـان گەلی.؟ ئەم چەپە عەجیبە نەك هـەر خۆیـان لـە وەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارانە دزیوەتەوە و خامۆش و بێدەنگن بەڵکوو ئەو ئەزیەتەش ناکێشن کە کۆمەڵێك لە ئەدەبیاتی تازەی چەپ و سۆشیالیستەکانی جیهان بۆ ڕیزەکانی خۆیان وەرگێڕنە سـەر زمـانی کـوردی و موناقەشـەی بکـەن , ئـەوان ئەیانـەوێت بـە تیلـەی چاولەداهاتویەکی نادیاردا مەسەلە فیکری و کۆمەڵایەتیـەکان ببڕێننـەوە, لایـەك دەیـەوێت زۆر بـە سـادەیی بڵێـت هـەر ئێسـتا سۆشـیالیزم و هەڵتەکانـدنی سـەرمایەداریم دەوێت بـۆ ئـەوەی هـیچ قسـەیەکی ڕۆشـنی لـە سـەر چـۆنییەتی جێبـەجێکردن وبـە دەسـتهێنان وبڕینـی ئـەم قۆناغـەو ئـەم سیسـتەمەهەبێت کەبڕیارە دایبمەزرێنێت ,لایەکی تریش نەك سەرمایەداری بـەڵکوو ئامادەیـە لـە گەڵ ئەقڵی کۆنەپەرست و فیودالیزمیشدا پێکـەوە ژیـان ڕاگەیـەنێ و سـەنگەری خـەبات تێکـەڵ بکـات  بـێ ئـەوەی ئـەرك بکیشێت پێمـان بڵێـت ئـەوە چ جۆرە

تیۆرێکی چەپیە کە ئەوان پیادەی دەکەن و بەرەوکوێ وەدەچێت.. ئەو هەموو ئالوگۆڕو جێگۆڕکێیە ئەو هەموو گۆڕانکاری و هەڵوەشاندنەوەیە و پێکەوە گرێدان و خۆشخەیاڵییە, وەك تیسکەی تفەنگ دێو تێدەپەرن بێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێکی چەپ قسەیەکی رۆشنی لەسەر بکەن , وەك ئەوەی هەموان چاوەڕێی فریاد ڕەسێك بکەن کە بێت و چەپ لەم خامۆشییە رزگار بکات,خامۆشیەکە کەڕۆچوتەخوارەوە تائەو ئاستەی کەدەڵێت لەم کۆمەڵگایەدا بیرکردنەوەیەکی سوسیالیستی بوونی نیە لە بێدەنگیەکدا قەتیسیان خواردووە کەجورئەتی ئەوە ناکەن سەبارەت بە ئایندەی خەڵك و هەلومەرجی کوردستان شتێکی تازەی وا بڵێن کە هیچ نەبێت وەك پلاتفۆرمێکی سیاسی سۆشیالیستەکان بۆ کارکردنی ئەم سەردەمە دەست بدات .لینین لە نیسانی ساڵی 1917 لە ویستگەی پۆترۆگراد کە دابەزی لە بەردەم دەیان هەزار کرێکاردا دروشمی زەوی, نان, ئاشتی بەرزکردەوە, بۆ ئەو ئەم دروشمە هێندەی پەیوەندی بە خواستی جەماوەرەوە هەبوو هێندە پەیوەندی بەتیۆری زێدەبایی و مارکسیزم وهەڵوەشانەوەی سەرمایەدارییەوە نەبوو ..سۆشیالیستە کوردەکان لەوە دەترسن کە بۆ ئەمرۆشتێك بڵێن کە لەگەڵ فکری مارکسیزمدا نەیەتەوە , بەڵام لەوە تێناگەن کە بێدەنگیان لەمڕۆدا زۆر لەوە ترسناکترەکە تەنها دژی تیۆری مارکسیزم بن , مارکس و ئەنگلس پاش لە 25 ساڵ تێپەڕین بەسەر نوسینی مانیڤێستدا , خۆیان لە نوسینی پێشەکی تازەدا ڕەخنەیان لە هەندێك شوێنی ئەو نوسینە گرت کە خۆیان نوسیبویان چونکە بۆ ئەوان کۆمۆنیزم بزوتنەوەیەکی واقعییەو لەو فەرەزیاتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەلومەرجی تازە دەیان هێنێتە پێشەوە .بۆ سۆشیالیستەکان هیچ ڕێگریەکی فکری و تیۆری نییە تاکوو نەتوانن هەلومەرجی سیاسی و ئابوری واقعی وڵاتی خۆیان نەخوێننەوەو خاڵە لاوازو بەهێزەکانی دەستنیشان نەکەن , ئەمڕۆ بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە ناتوانین مێژوو وەك خۆی دووبارە بکەینەوە ئێستا لە گەڵ ساڵانی رابردوو زۆر جیاوازە چەپێکی فەرەنسی ناتوانێت وەك

سالانی1968 بیر بکاتەوەوحزبی شیوعیش ناتوانێت شریتی بیست هەزار ئینسانی دروست بکات تاکو نەهێڵن خۆپیشاندانی خوێندکاران تێکەڵ بە خۆپیشاندانی کرێکارانی پاریس ببێت , بەناوی ئەوەی کەئەو دووبزووتنەوەیەجیاوازن , ئەمڕۆ بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەوکاتە, چەپی فەرەنسی نەك پشتیوانی خوێندکاران رەت ناکاتەوە بەڵکوو خۆشی بە پشتیوانی بزاوتەکەی ئەوان دەزانێت , ئەمرۆ زۆر لە ئاوازوگۆرانییەکانی چەپ و سۆشیالیستییەکانی دنیا گۆراوە , گۆڕانێك کە ئێستا زیاتر نەغمێکی مرۆڤدۆستانەی لە خۆگرتووە چونکە ئەوان لەوە بەئاگان کەچیتر تازە جارێکی تر مەقولە سیاسییە کۆنەکان ناتوا نێ بۆ ئەمڕۆ کاریگەریان هەبێت وەك جاران, چەپی نوێ کە ئێستا لە جیهاندا خەریکی خۆ ڕێکحستنەوەیە بە پێچەوانەی جاران نەك دژایەتی بزوتنەوە جەماوەرییەکان ناکات بەڵکوو خۆشی بە پشتیوانیان دەزانێ .ئیستا نەك بە کرێکاران ناڵێت نیشتمانیان نییە بەڵکوو لە بەرامبەر هێرشی عەولەمەدا هانیان دەدەن داکۆکی لە سنووری نیشتمان بکەن , مەسەلەی ژنان کە لە ئەساسدا مەسەلەیەکی چینایەتی نییە بزووتنەوەکە دەیکاتە تەوەری سەرەکی کاری سیاسی ورێکخراوەیی و رۆژانە لەنوسراوبلاوکراوەکانیاندا لێکۆڵینەوەی لەسەردەکەن وپشتیوانی لەبزووتنەوەکەیان دەکەن , چەپی کوردی کە بێ خەبەرە لەم نەقڵە سیاسی و کۆمەلایەتییە وردبینانەیە دەیەوێت سۆشیالیزم وەك خواردنێکی ساردەوە بووی خراپ بکات بە قوڕگی خەڵکدا ,و بەهیوایە سیستەمێك بەدروشم لابەرێت و خۆی بێتەجێگەی, بەلام چەپی نوێی ئەوروپی دەزانێ کە گۆڕانە گەورەکان و هەلومەرجی تازە , دۆخێکی تازەیان هێناوەتە پێشەوە , سۆشیالیستەکان لە بەرامبەر ئەوەدا دەیانەوێت بە شێوازێکی تازە خەبات بکەن. پێشکەوتنی پیشەسازی و فراوانبوونی دانیشتوانی گۆی زەوی و زاڵبوونی تەکنەلۆژیای تازەو بلاوبونەوەی نەخۆشی کوشندەی وەك ئایدزو پیس بوونی ژینگە و هەڵکردنی بای کۆنەپەرستی و مەترسییەکانی ..هتد لە گەڵ خۆیاندا ململانێی تازەیان

هێناوەتە ئاراوە, هەر بۆیە چەپە کان دەبێت لە نێو ئەو ژیانەوە تێزەکانی خەباتیان هەلگۆزن و هەوڵەکانیان بۆ گۆڕانی هەلومەرجی ژیانی ئێستا بێت نەك هەڵسەپاردنی ..باشتر وایە لە جیاتی لەخۆ تەریك خستنەوەی بەشێکی کۆمەڵ لە هەوڵی ئەوەدا بن توانای پەلکێش کردنی هەموو ئەو کەسانەیان هەبێت کە دەخوازن لەناوکۆمەڵدا ئازادیەکی زیاتریان هەبێت و هەست دەکەن لە ژێر چەتری سیستەمی ئێستادا نا ئارامن بە تایبەتی بێکارو هەژران و ژنانی دەردەدڵی ڕژێمی باوکسالاری, ئەمڕۆ خەباتی ئەو ژنە راهیبەی ئەمەریکا کە زۆر دەکات ناوی خوا بە نێرینە کەم بەکاربێت لە ئینجیلی تازەدا یان دەیەوێت بۆ سەلما ندنی یەکسانی ژن و پیاو پلەی قەسیس وەربگرێت و ئاین بە یەك چاو بڕوانێتە ژن و پیاو زۆ رکاریگەری لە خەباتی ئەو سۆشیالیستە کوردە زیاترە کە خۆی خاموش و بێدەنگ کردووەلە بەرامبەرئەو هەموونابەرابەریەداکەلەنێوکۆمەڵی کوردیداهەیە . هەروەها بۆ چونی کەسێکی وەك ئین میلی لیبرالیش لە سەر موڵکدارێتی تایبەتی لە چەپێکی توندرە کاریگەرترو واقعیترە کە پێی وایە نابێت زەوی بکرێتە موڵکی تاکە کەسی چونکە زەوی شتێکی سروشتییەو ماڵی هەمووانەو کەس مافی ئەوەی نییپە ماڵی گشتی بکات بە ناوی خۆیەوە..یان پشتیوانی کردنی خواستی دابینکردنی کار زۆر ئینسانی ترو کاریگەرترو عەمەلیترە لەو داوایەی لافارجی زاوای مارکس کە دەیویست لە رۆژێکدا سێ سەعات کارکردن بۆ کرێکاران داوا بکات .. هەروەهائەو پێشنیاروبیرکردنەوەیەی دیموکراتخوازێك کە پێی وایەلەسیستەمی دیموکراتیدا مەرج نییە فکرە جیاوازەکان لە یەکتردا بتوێنەوە بەڵکوولە جەوهەردا بۆ ئەوەیەکە فکرەکان یەکتری بە جیاوازییەکانەوە قەبووڵ بکەن زۆر لە هاواری گەورەی ئەو سۆشیالیستانە ئازایانەترو دیمکراتیانە ترە کە بەدروشم داوای ئازادی تەواوەتی بۆکۆمەڵ ڕادەگەیەنن و داوا دەکەن ولە ئاکامیشدا بە تەنهاهەر دەسەلاتی تاقانەی خۆیان دەوێت , هەر بۆیە هەڵەیە کە چیتر سۆشیالیستەکان هەوڵ بدەنیان بیروابکەنەوە بە ئارەزوومەندانە وخەیاڵ

ئامێزانە بیانەوێت دنیا بگۆڕن و بۆ ساغکردنەوەی هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتیش بیانەوێت بە تەنهاهەر بەپەڕاوەکانی مارکسیزمدا بگەڕێنەوە, چونکە دەرکەوت زۆر شت وەك ئەوەی مارکس پێشبینی دەکرد وا دەر نەچوو یان بۆ ئێستا ئیتر دەست نادات, ئەو لای وابوو هێزی بێکاران لەشکرێکی ئارامی بەخش وهۆیەکی گەورەشە بۆ درێژەپێدانی تەمەنی سەرمایەداری ! بەلاَم دواتر دەرکەوت کەبەپێچەوانەوە نەك ئەو هێزە ئارامی بەخش نیە بەڵکوو هەرەشە ئامێزیشە بۆ سەرمایەداری, یان وەك ئەوەی کەپێشبینی کرد پرۆلیتاریا تاکە هێزو شۆڕشگێری سیستەمی سەرمایەداری بێت و گۆرهەڵکەنی بێت وانەبوو ئەمڕۆ پرۆلیتاریایخاوەن بەش لەئیمتیازاتی ئەو سەردەمە نەك گۆڕ هەڵکەنی نیە بگرە بەشێکیشە لەو هێزە مادی و مەعنەوییەیکەنەسیجێکی گرێدراوپێوە لکاوە پایەکانی ئەوسیستەمەی لەسەر وەستاوە.. سۆشیالیستەکان بۆ ئەوەی توانای داهێنان ونوێبوونەوە بگێڕنەوە بۆ خۆیان و زیندوێتی جیهانبینی خۆیان بپارێزن لە پێش هەر شتێکدا دەبێت خۆیان لە تەقلیدیەت وچەقبەستنی فکری وئایدیۆلۆژی رزگار بکەن چونکە ئەو فاکتۆرانە گەورەترین گورزی کوشندە لە تواناوئیرادەی مرۆڤەکان ئەوەشێنی,هەروەها بۆ ئەوەی لە تەپ و تۆزی هەڵەکانی پێشووش رزگاریان بێت و نەبنە میراتگریان ,دەبێت لەوە نەترسن و شەرم نەکەن کە دان بەو راستییەدا بنێن بزوتنەوەی سۆشیالیستی کەسانی وەك ستالینی دروست کردووە کە جگە لە کوشت وبڕەکانی لە سالی 1947 دا لەهەڵبژاردنەکانیشدا140٪ دەنگەکانی بۆ خۆی داناوەو پراڤداشی کردۆتە شایەتی خۆی.

لە گەڵ ئەم خاڵە ڕەشانەشدا جێگەی خۆیەتی شانازی بەوەوە بکەن کە دەرکەوت خواستی سۆشیالیستانە لە جەوهەردا لە ڕووی ئابووریەوە چڕبوونەوەیەکی مرۆڤدۆستانەیە و لە رووی سیاسیشەوە لێکدانەوەیەکی ئەخلاقیانەی بەرزی مرۆڤایەتیە , هەربۆیە بە کورتی سۆشیالیزم هیچ نییە جگە لە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی مرۆڤەکان دژی هەژاری و نایەکسانی و

هەوڵێکە بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ, بەلأم سەختەوهەڵەیەکی گەورەیە گەر مرۆڤ پێ ی وابێت کەسێك هەیە یا هەبووە توانیبێتی یادەتوانێت پێشبینی هەموو روداوو ئالوگۆرەکانی جیهان بکات بەوسەردەم و کاتانەشەوە کەتیایدا نەژیاوە و نەی بینیوە هەربۆیە مارکس هەرچەندە توانی سەرکوتووانەو سەرکەوتوبێت لە دەستنیشان کردنی مەسەلەی زێدەبایدا بەلام لە هەمان کاتدا نەیتوانی بۆ ئەبەد چارەسەرکردنی ئەو هەڵاواردنە ببەستێتەوە بە یەك ڕێگا چارەوە بۆیە لەمەسەلەی دووەمیاندا کە دەست نیشانکردنی چارەسەرکردنی تەواوەتی و یەکجاری بووتیایدا سەرکەوتوو نەبوو...

# شۆڕشی سۆسیالیستی پرسیارو ئەگەرەکانی

یەکێك لەوڕابەرە سوسیالیستیانەی کەبەچاوی گومانەوە دەیروانیە شۆڕشی ئۆکتوبەری 1917ی روسیا ترۆتسکی بوو,گومانەکانی ئەو لەسەر ئەو ڕایەبووکەلای وابوو ئەستەمە شۆڕش لەووڵاتێکی پاشکەوتووی پیشەسازیدا بەسەرکەوتن بگات یان بەبێ ئەوەی شۆڕش توانیبێتی وەك دەرکەوتەیەکی واقیعی وجیهانی یان ناوچەیی خۆی نیشان دابێت وبوبێتە ئەمری واقیع بتوانێت لەووڵاتێکدا بەئامانجەکانی خۆی بگات , گومانەکەی لەگەڵخۆیدا ئەو سەرەتایەشی هێنایە پێشەوەو کردیە سونەتێکی ئەکتیف لەنێوبزووتنەوەکەدا کە تاکی سۆسیالیست بتوانێت لێکدانەوەی خۆی هەبێت و ئازادبێت لەدەربڕینیاو نەشارێتەوەو لەبەرامبەر ڕای بالأو زۆرایەتی حیزبدا , ترۆتسکی هەرلەسەرەتای دەرکەوتنیەوە وەك بیرمەندێکی سوسیالیستی و ڕابەرێکی بەتوانا , تائێستاش زیاتر بەوە دەناسرێتەوە کە توانیبێتی دەنگو ڕەنگێکی

سوسیالیستیانە ی جیاواز بێت و توشی داگیرکردن نەبووبێت لەلایەن بیروباوەری زاڵی سوسیالیزمی تۆبزیوئرادەگەریانەوە , یان توانیبێتی لەبەردەم بیروبۆچون و سیاسەتی دەسەلأتە تاکرەوانەکەی ستالیندا بوەستێتەوەو ڕەتی بکاتەوە, بەلأم لەگەڵ ئەو راستیەشدا , تروتسکی ئەو بیرە ئازادەش بووە کەلەسەردەمی لینینەوە ویستویەتی بەتێزەکانی خۆی ئەو بۆ شاییە سیاسی و فکرییانەش پڕبکاتەوە کە بۆڵشەفیکەکان درکیان پێنەدەکردو بەسەریاندا بازیان دەدا , هەربۆیە ئەو کاتە لەسەردەمی شۆڕشدا بەو جیاوازیەوە دەرکەوت و بەپێچەوانەوەی هاورێکانی لای وانەبوو کەشۆڕشی سوسیالیستی بتوانێت لەتەنها وولاتێکدا بەسەرکەوتن بگات و توانای بەردەوامی ومانەوەی هەبێت ووەك دەسەلأتێکی سوسیالیستی لەسەر پایە زانستیەکانی خۆی بووەستێت. هەربۆیە ئەو رابەرە جگەلەوەی دیوە جوانەکەی شۆرشی ئوکتۆبەری بەرکەوت, لەهەمانکاتیشدا توانی بەپێشبینیەکانی و بۆچوونەکانی جەختێکی زیاتر بکاتەوەلەسەر ئەنتەرناسیونالیزم وجیهانی بونەوەی شورشی کۆمەلأیەتی , کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بەلگەی بیرتیژی ئەو بوو بەلأم ئەو کاتە لەسەردەمی شۆڕشدا هەرچەندە وەك پێویست راکانی لەبەر جاونەگیرا کەچی دوایی دەرکەوت بووە تەواوکەری ئەو بۆشاییە فکریو سیاسیانەی کەلەئەزموونی ئۆکتوبەردا وەك میرات بەجێمان . تێزی شۆڕشی بەردەوام , یان شۆڕشی ناوچەیی و جیهانی , رەنگە هیچ کاتێك هێندەی ئێستا زەرورەتی خوێندنەوەو پیاچونەوەی نەبێت , چونکە هەلو مەرجی ئالۆزی سیاسی وکۆمەلأیەتی سوسیالیستی لەخراپترین حاڵەتی خۆیداو لەلاشەوە لەبەرامبەردا یەکپار چەبونەوە و سەپاندنی ئابوری بازاری ئازادو سیاسەتی یەکدەستەی زاڵ بەسەر بریارە نیودەوڵەتیەکانداو دارشتن و خەترشتنی سیاسەتی دەولی و خربوونەوەی هێزو برپارەکان لەدەست کەمینەیەکی دیاریکراوی جیهانیدا ......, ڕاستی ودروستی ئەو بروایەمان لا ئاشکرادەکات , کە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەلایەتیەکان هەرچی زیاترە بەرەو ئەودەچن کە سیفەتێکی ناوچەیی یان جیهانی

لەخۆبگرن , چونکە ئەمرۆ ئەوەی کە لەپشتی بریارە نیودەوڵەتیەکانەوەیە هەربەتەنها دەوڵەت وحکومەتەکان نین !بەڵکو ئەوخاوەنانی ئەوچەند کۆمپانیا گەورانەشن کەلەپشتی پەردەوە خاوەن راو بۆچوونی تایبەت بەخۆیانن , بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کەشۆرشی کۆمەڵایەتی چیتر مانای سەرپێچیکردن و هەلوەشاندنەوەی ئەو دەستێوەردان و هەیمەنەیە دەگەیەنێت کەئەمرۆ ئەوان بە (12) کۆمپانیا خاوەن داهاتی نیوەی زیاتری جیهانن ,یان بەجۆرێکی تر شۆڕشی سوسیالیستی لەم پەڕی دنیا بۆ ئەو پەڕی دنیا بەچاوی ئەو هەرشەیەسەیردەکرێت کەزیان بگەیەنێت بەو یەکێتی وهاوپەیمانێتیەی کەهاتۆتە ئاراوە, لێرەوەیە کەڕەنگە ئیترڕوودان وبلاوبونوەو بەربلاوی شۆڕش تاکە زەمانەتی مانەوەو بەردەوامی شۆڕشێکی یەکپارچەیی و هاوپشتی کردنی یەکتربێت لەبەردەم هەر ئەگەرو مەترسییەك کە لە دەرەوەو ناوەوە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە . ئەمڕۆ لەگەڵ ئەزمونی شکستی زۆربەی شۆڕشەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دەرکەوتنی بەرژەوەندی و هاوپەیمانێتی دەوڵەتە بەهێزەکان و سیاسەتی وولاتە براوەکانی جەنگی سارد و عەولەمە, هەمووئەوانە ئەوڕاستیە ئاشکرا دەکەن کە مەحاڵە لە نێو ئەو ڕوداوانەدا لە ژێر هەژمونی ئەو سیاسەتە دوەلیەدا بیر لەوە بکرێتەوە شۆڕشی سۆشیالیستی بتوانێت لەیەك وڵاتداو بەتایبەتی وولاتە لاوازەکان بە سەرکەتن بگات و بمێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئەگەرە لە وڵاتانی پاشکەو تووی پیشەسازی وبچووکی سەرمایەداریدا جگە لەو هەزارو یەك پرسیارەی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە خەون و خەیاڵێکی وا کە خوێن وبیری شۆڕشگێڕێتی سارد بکاتەوەو تاکی کۆمەڵ بەرەو ئەو دووڕیانە ببات کە یا دەبێت لێواو لێو خەیاڵئامێزانەو یۆتۆپیانە بیربکاتەوەو خەبات بکات یان دەبێت بەرەوگیانی تەسلیمکاری وخاوبونەوەی کوشندە ئامێز بچێت وبەشداری لەبزووتنەوەکانی تردا نەکات , یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی تاك وگروپی چەپ وسۆشیالستی لەووڵاتانی پاشکەوتوو وبچوك دەبێتەوە , ئەوەیە

که سەرەتا بتوانێت ئەو پرسیارە بهێننە ناوەوەکە گەر ئامانجی سوسیالسیستیانەدووربوو ئەی چی بکاتە میحوەری خەباتکردن و چونە پێشەوە؟ کە ڕەنگە خودی وروژاندنی ئەو پرسیارە لەسەرەتادا زۆرلە گەڕان بە دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی سوسیالیستیدا گرنگی وبایەخی سوسیالیستیانەی هەبێت بۆ بزووتنەوەکە , دیارە بەبێ لەدایك بوون و بڕوابونیش بەو پرسیارانە لە ڕوانگەی سۆشیالیستییەوە , ئەوکاتە هێندەی گروپە سوسیالیستی وچەپەکان وکارەکارەسیاسیەکان لەلای جەماوەرەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە هێندە ئەوان ناتوانن سیستەمی سەرمایەداری و کارەکانی بخەنە ژێرپرسیارەوە, هەر بۆیە دەبێت ئێمەش لەو پرسیارانەوە دەست پێ بکەین کە بە سادەی دەپرسێت کە ئەگەر نەتوانرێت شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی لە وڵاتێکدا بکرێت ئەی دەبێت خەم و کارو خەباتی سۆشیالیستەکان لە نێو کۆمەڵێکی دیاریکراو و بچووك و پاشکەوتووی پیشەسازیدا چی بێت ؟ ڕەنگە بۆ سۆشیالیستی تەقلیدی کە هێشتا دەستی لە بازنەی بیرکردنەوە کۆنەکان بەرنەداوە سەرپێی وبەئاسانی بڵێت : چارەسەر تەنها بڕوابوون و کارکردنە بۆ دەسەڵاتی کرێکاری و دامەزراندنی دیکاتۆرییەتی پرۆلیتاری و سۆشیالیزم !. ئەمە لە کاتێکدا دەوترێت و دووبارە دەبێتەوە کە سۆشیالیستەکان لە زۆربەی وڵاتەکاندا جگە لە ڕەوایەتی وڕاستودروستی خواست وخەباتیان کەچی لە پەراوێزی ڕوداوەکانەوەن و نەیان توانیوە لە ئاستی گەورەیی ڕوداوەکان ووەڵامگۆی ئازاری خەڵکدابن , ڕەنگە بۆ کەسێك کە خاوەنی ئەو وەڵامە بێت ئەوتەنها ئەو دیوەی بۆچوونکەی مارکسیزمی لەبەر چاو بێت کە لای وایە شۆڕش یانی هەڵتەکاندنی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و بەڕێوەچوونی کۆن و جێگرتنەوەی بە سیستەم و دەسەڵاتێکی باڵاتری مێژوویی , بەڵام دیوەکەی تر کە باس لە هەلومەرجی شۆڕش دەکات لەبەرچاونەگرێت و بەگرنگی نەزانێت ,بەڵام بەشداریکردنی مارکس لە شۆڕشی مارسی ئەوروپادا لەو ڕوانگەیەوە بوو کە شۆڕش مەکینەی بەهێزی هەڵسوڕانی گۆڕانەکانە هەربۆیە بەشداری کردلە

شۆڕشی ئەڵمانیادا لە گەڵ ئەنگلز پێکەوە بەرنامەیەکی سیاسییان داڕشت و بە ناوی حزبی شیوعی ئەڵمانییەوە خستیانە بەردەم جەماوەر, ئەوان لەو بەرنامەیەیاندا ڕاستەخۆ داوای دەسەڵاتداریێتی چینی کرێکاریان نەکردبوو بگرە زۆر لەوە کەمترو نەرمتر پێیان لەسەر یەکێتی خاکی ئەڵمانیا دادەگرت و لە ڕووی سیاسیشەوە جیایی کەنیسە لە دەوڵەتیان ڕادەگەیاند ئەمە جگە لە چەند داوایەکی تری وەك کردنی خوێندن بە خۆڕایی و لێدانی پاشماوەی دەرەبەگایەتی , ئەوان پێیان وابوو ئەو کاتە بەو شێوەیە ڕێگاسازی دەکرێت بۆ شۆڕشی گەورە ,چونکە مارکس دژ بەوە دەوەستایەوە کە هەندێك لە گەنجە هیگلێیەکان و کۆمەڵەی ئەلئەحراری ئەو کاتە دەیان ویست بە وتارە فەلسەفییەکانیان و بە ڕەخنەی سەرپێی لە ئاین وبەبیری تازەی کۆمۆنیزم بتوانن دنیا بگۆڕن ,چونکە ئەو لەوە خافڵ نەبوو کە شۆڕش هەلومەرجی خۆیی هەیە و ئیرادەگەرییانە ڕوونادات وسەرناکەوێت , بۆ ئەو تێگەیشتن لەوە ئاسان بوو کە بتوانێت لە نێوان ڕەخنەی فکری و چالاکیە سیاسییە شۆڕشگێڕییەکاندا ئەو پەیوەندییە حەیاتییە بدۆزێتەوە کەلەو کاتەدا بەخزمەتی کۆمەڵ ولەئایندەشدا بە خزمەتی چوونە پێشەوەی بزووتنەوەکە بشکێتەوە , هەربۆیە لە جەنگی فەرەنسا و بروسییەکاندا کەلەتەموزی 1870 دا هەڵگیرسا بە نوسینەکانی ئامۆژگاری خەڵکی ئاوا دەکرد کە هەوڵی ڕوخاندنی کۆماری فەرەنسای تازە نەدەن ,چونکە ئەوئەوکارەی بە مجازەفەوهەڵەیەکی گەورە لە قەڵەم دەدا و ئەوەی پێ دەگوتنەوە کە دوژمن لەو حاڵەتەدا لە دەرگای پاریس دەدات ,ئەو سەردەمانە کە خۆی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕێنانی نوێ بوو , لە گەڵ هاوڕێیەکیدا ئەو مینەبەرەیان وا بەکاردەهێنا تاکوو بتوانێت لە دژی کۆنەپەرستی ئەڵمانیا بوەستنەوە بۆ ئەو کە ڕۆژنامەکە ناوی دووەمی زمانحاڵی بۆرجوازی ئۆپۆزیسیۆن بوو گرنگ نەبوو, بەڵکوو ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو کە بتوانێت لەوێوە ئازادی ڕۆژنامەگەری وڕادەربڕین لەونێوکۆمەڵی ئەو کاتەدا بسەپێنێت ,هەربۆیە ئەو وتارانەی کەئەوکاتە بڵاوی دەکردنەوە زیاتر شکڵێکی

پۆپۆلیستی به خۆوه دەبینییەوه مەسەلەی جوتیاران و کێشه ئابورییەکانی کردبووه میحوەری سەرەکی خۆی , بەلاّم له گەلّ هەموو ئەو بۆچونانەی داو لەگەلّ هەموو هەوڵەکانیشیدا دیسانەوه لای وابوو که کۆمەلگەی مەدەنی خەتو مەشی حکومەتەکان دیاری ناکات به لّکو به پێچەوانەوه دەوڵەت وەك ئیدارەی کۆنترۆڵی چینایەتی ئەو دوایین بڕیاری سیاسی و ئابوری دەستنیشان دەکات ,له گەلّ ئەو ڕاستییەشدا مارکس خوازیاری کۆمەلگایەکی لەو جۆره بوو که ئازادییەکانی تاکی تیا له بەر چاو بگیرێت چونکه لای ئەو ئەو ڕاستییەش شاراوه نەبوو کەکاتێك دەتوانرێت کۆمەلّ بەمانا چینایەتییەکەی خۆی ڕێکبخات که تاکی کۆمەلّ پێش ئەوەی خۆی وابەستەکردبێت بەچینێکی دیاریکراوی کۆمەلاّیەتییەوه , وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ و ئازاد هەستی به بەدیهاتنی فۆرمەڵه بوونی تاکێتی خۆی کردبێت , به جۆرێکی ترلای ئەو ئەوپێشمەرجه گرنگه بۆ تاکی شۆڕشگێڕ که توانیبێتی سەربەخۆیی وئەو ئازادییەی به دەست هێنا بێت کەتاکسەربەستانه بتوانێت خاوەن بڕیاری ئازادانەی بێت بۆ پەیوەستبونی به چینەکەی خۆیەوه و ئارەزووی بزوتن وسەرکەوتن رۆحی داگرتبێت, مارکس لەو بارەیەوه جەختی لەسەر ئەوه دەکردەوه مرۆڤ کاتێك سەربەخۆ دەبێت که بتوانێت تاکێتی خۆی وەك ئادەمیزادێکی کاملّ و تەواو له گەلّ پەیوەندییەکانی خۆیدا بسەلمێنێت و پراکتیزەی کردبێت . هەربۆیه هەڵەیه گەر ئەو ڕوانگه کۆنه والێکبدەینەوه که له شۆڕشدا هەموو مەسەله رۆحی و سیاسی و ئامادەییەکانی مرۆڤ دەمودەست ئاماده دەبێت وشۆڕش توانای ئەوەی دەبێت به کودەتایەکی سیاسیو ڕێکخراوەی دونیا بگۆڕێت, به مانایەکی ترهەڵەیه گەربمانەوێت هەموو ئالّوگۆڕو زەمینەسازیەکانی تاکی ناوکۆمەلّ و شوڕشگێرەکان هەلگرین بۆ دوای شۆڕش و لامان وابێت که تاکی دیسپلینکراو ئەو توانایەی هەیه که یاخی بێت و هەستی شۆڕشگێڕیتی بەو بارەدا دەبێت که دوای سەرکەوتن له شۆڕش بەوئەنجامانه دەگات ,یان دەسەلاّتێکی خۆسەپێن توانای هەیه هەموو خود سازییەکان بۆ کۆمەلّ به گشتی و بۆ تاك به تایبەتی

لەدوایدا بەرهەمبێنێت, لەبەر چاو نەگرتنی ئەو خودسازیی و ئازادییە فەردییە لەپێش شۆڕشدا ئەوە بەرهەم دەهێنێت کە بیرۆکەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەو شێوە تەقلیدییە لێك بدرێتەوەکە بە میرات ماوەتەوە و لەبنەڕەتدا وا بەکاربێت کە بەبڕوابوون بەتوندوتیژی بۆ شۆڕش یان مانەوەی دیکتاتۆری تائەبەدی وتادوایین هەناسەی سۆشیالیزم بەدەستەوە بگیرێت ,چونکە بڕوابوون بەوەی سۆشیالیزم لەیەك ولاٌتدا هەبێت , هەمیشە هاوشانی ولەپشتی ئەو بۆچوونەئەو ئەگەرانەش دەبێت کەلەترسی مەترسییە دەرەکییەکان ئەوە بەسەریدا فەرزبێت بەناوی پاراستنی شۆڕشەوە دەسەلاٌتێکی تاکڕەوانە و پر لەتوندوتیژی بەرهەمبهێنرێت , ئاشکرایە هەرچەندە بەدرێژایی مێژوو دەسەلاٌتە جیاوازەکان هەمیشە توانیویانە وهەوڵیانداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە داکۆکی لە بوونی خۆیان بکەن , کە لەدرێژەی ئەم رەوایەتی پێدانەدا ئێستاش کەلەپۆپەی دیموکراتیدااین بەجۆرێك لەنێو یاساو مافە نێودەوڵەتیەکاندا شەرعیەت وبوونی ئەومەسەلەیە ماوەتەوە و ئەومافە بۆدەسەلاٌتەکان بەرەوادەبینرێتەوە کە بەشێوەی ئازادولەژێرناوبیانووی جۆراوجۆردابەئاشکرا پەیڕەوی لەتوندوتیژی دەکرێت ,کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تاکە هێزی کۆمەلاٌیەتی ,کەتواناوبڕوای بەکارهێنانی هێزی لەهەموان کەمترە بەوە تۆمەتبارو گوناهباردەکرێت کەبروای بەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە , ئاشکرایە کە بەشێکی ئەو تێگەیشتنە لەوێوە سەرچاوەی گرتوە ,کەولاٌتە بەناوسوشیالیستەکانی پێشوو ئەو مەسەلەیەیان وابەدەستەوە گرتبوە کەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یانی دیکتاتۆریەتی حیزب و دەسەلاٌت و بکوژی هەموو جیاوازیەکان ولەناوبردنی کەشوهەوای دیموکراتیانەی نێوکۆمەڵ, کەبەپێچەوانەوە سوسیالیستەکان لەوروانگەیەوە دیموکراتیەت دەخەنە ژێرپرسیارەوە کەمەودای ئازادی و سیاسی کەمووکورتەو ئاوەلاٌنیە بۆهەموولایەك, ئەم تێکەڵی و بەهەڵە وەرگێرانە , کەبۆتە بەشێکی ناشرین بەسەر مێژووی سوسیالیزمەوە , نە بەنوسین نەبە ئاسانی ناگەرێتەوە جێگەورێگەی خۆی , بەتەنها کارێك کەلەبەر دەمی سوسیالیستەکاندا ماوەتەوە

بۆئەوی دەستیان لەئەلقەکۆنەکان و تێگەیشتنە خراپەکان بێتەوە ئەوەیە کەوشەی دیکتاتوری پرۆلیتاری لەفەرهەنگی خویاندا بگۆرن بۆ ئەو دروشم و وشەیەی کەگونجاوی خەبات و کێبەرکێیانەی سەردەمەتا بتوانیت لایەنی سوزداری مرۆڤ ئەوشتەی کەلەسیستەمی سەرمایەداریدا وردو خاش کراوە بگێرێتەوە بۆمرۆڤەکان , بەمانایەکی تر دەبێت سوسیالیستەکان ئەومانا راستەقینەیە بەشۆرش ببەخشنەوە کەسوسیالیزم لەبنەرەتدا یانی پێکەوە ژیانی ئارام و ئاشتییانەو هاوبەشێتیە لە چۆنێتی ژیان و گوزەراندا, کە ئەمەش جگە لەوەی یەکێتی ئادەمیزاد بەشێوەیەکی دڵخوازانە بەرهەم دەهێنێتەوە ئەو تواناوبڕوایەش بۆئادەمیزاد دەگێڕێتەوە کە لە نێو کۆمەڵدا هاوڵاتی بتوانێت تاکێکی ئاسودەو ئەکتیف بێت ولەپەراوێزەبوون و نامۆیی قوتابێت .
سەبارەت بە شۆڕشی کۆمەلأیەتی سۆشیالیستیش بەتایبەتی لە ولأتانی بچوك و پاشکەوتووی سەرمایەداریدا ئەو شەڕ ڕاگەیاندنە ناوەخت وداواکردنە بۆ سوسیالیزمی دەمودەست و بێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی پێویست , جگەلەوەی زیاترلە هەڵچوونێکی کاتی گروپەکان دەچێت و هیچ بەرهەمێکی بەسودی نابێت, لە هەمان کاتیشدا ئەو زیانەی دەبێت کە سیحری جوانی وگرنگی ئەوشۆڕشەلای جەماوەربخاتە ژێر پرسیارەوەو فەلسەفەی ئەو شوڕشەلای جەماوەر بەتەنها بکاتە یۆتۆپیایەك و هیچی تر ...

## چەپی نوێ و سوسیالیزمی مرۆیی ..

لەچەند ساڵی ڕابردودا , لەگەڵ زیاتر بەدەرکەوتن و هەڵئاوسانی قەیرانە ئابوری و سیاسی و کۆمەلأیەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت , مەرگی ئەو ووتەو بۆچونەنانەی خرۆتیشوفمان بەگۆڕ سپارد , کەوتبووی گوایە بەنیازە لەرێگەی گەشەسەندنی ئابوری و سەرکەوتنەکانی تری سوسیالیزمە سەرمایەداریە دەوڵەتیەکەیەوە بەهیوایە سەرمایەداری بازاری ئازاد لەگۆڕبنێت و بەچۆکیاندا

بهێنێت, هەروەهارۆژ بەڕۆژیش لەگەڵ تراژیدیاو ئاڵوگۆڕە سیاسی وئابوریە جیهانیە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆسکاوەکانی دوایی جەنگی ساردیش کەشنەبایەکی ترسێنە ترو بێ هیوا و نائارام تری لەسەردەمی جەنگی سارد لەگەڵ خۆی هێناوەتە ئاراوە , تارمایی مەرگی ئەو ووتە و بۆچونە ناسراوانەی خانمی تینا (مارگریت تاشەر) و فۆکۆیامامان نیشان دەدات , کەلایان وابوو ئەمەی ئێستائیتر کۆتایی مێژووە , یان ئەم سیستەمە بێئەلتەرناتیفە ودەمێنێتەوە بۆئەبەدی و پێناسەی دەکەن و دەیچوێنن وەك ڕەسەنایەتی هێزی ڕاکێشەری سروشتی گەردون , کەگوایە بەتێکچونی ئەو هاوکێشەومیزانە, ئیتر شیرازەی ژیانیش ڕوولەمەترسی و تیاچوون دەکات !. بەپێی تازەترین ئاماری ڕێکخراوی کاری جیهانی کە لەناوەڕاستی ئەمساڵدا بلاّوی کردۆتەوە , تیایدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە یەك لەسەردووی خەڵك لە جیهاندا لە حاڵەتی هەژاری و نەبوونیدا ژیانیان دەبەنە سەر, هەروەها پێشبینی ئەوەش دەکرێت , کەلەچەند ساڵی ئایندەدا ئەو ڕێژەیە ڕوو لەزیاد بوون بکات و بچێتە سەرەوە . چونکە تاکو ئێستا سەرمایەداری هیچ بەرنامەیەکی کاراو ڕۆشن و ئاشکراو دیاری نیە بۆ بەرگرتن بەو لێشاوە , ئەم هەواڵە کە چارەنوسی مەرگ و ژیانی ملیۆنەها مرۆڤی پێوە بەستراوە و باس لەچۆنیە تی و خراپی باری ژیانی نیوەی مرۆڤی سەرگۆی زەوی دەکات , کەچی لەپەراوێزو وبەشێوەیەکی لاوەکی لەمیدیاکانی جیهاندا خرایە پێش چاو و باسی لێکرا ! ئەوەی لێردا کەمەبەستە ئاماژەی پێبکەین , دیارە بەتەنها ئەو دەورە خراپە نیە کە ئێستا میدیاکانی جیهان گرتویانەتە بەرو کردویانەتە مۆد و کاری لەسەر دەکەن , بەڵکو زیاتر قسەکردنە لەسەر ئەو بەرپرسیارێتیە جیهانیەی کە ئەو هەلومەرجەی بۆ ئادەمیزاد هێناوەتە پێشەوە,چونکە ئەم هەواڵە لەکاتێکدا بەر گوێمان دەکەوێت کە هیچ کاتێك لە مێژووی سیستەمی سەرمایەداری وبازاری ئازادا هێندەی ئێستا لەترۆپی گەشەسەندنی پیشەسازی و بالأدەستی و سەرکەوتنی سەربازی و سنور بەزاندن و دەست بەسەراگرتن و بازارگەرمی خۆیدا نەبوون و

نەشیتوانیوە وەك ئەمڕۆ خەفەی بزووتنەوە داخوازییەکانی جەماوەری وکرێکاری بکەن , هەربۆیە دیاردەکانی هەژاری و پشێوی و نائارامی سیاسی و فەلاکەت بارای ئەمڕۆ , بەهیچ لێك نادرێتەوە جگەلەوەی , ئەوڕاستیە بدرکێنین وئەوەئاشکرابکەین کە سیستەمی سەرمایەداری بەهەموو باڵ و لێکدانەوە جیاجیا کانیەوە , بەپێچەوانەی ئەوەی کەخۆیان بانگەشەی بۆدەکەن , ناتوانێت پاشە رۆژێکی رۆشنی وابۆ ئادەمیزاد بەرهەم بهێنێت کەلەگەڵ خواستەکانی مرۆڤایەتیدا بێتەوە ,هەرلێرەشەوەیە کەدەتوانیین بڵێن ئەمە کۆتای مێژوو نییە.

بەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دا ئەوەی کەواچاوە ڕوان دەکرا, ئیتر کۆتایی بە توندوتیژی و مەترسیەکانی سەرئادەمیزاد بێت و سەرمایەو بازاری ئازاد و لیبرالیزمی دیموکراتی پێبنێتە قوناغێکی کراوەترەوە و دەوری دەسەلاتی شمولی نەمێنێت و کۆتایی بە پێشبڕکێی ودروستکردن وئەگەری بەکاربردنی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژی بێت , ئەو بۆچون و ئەگەرانە نەك هەروا دەرنەچوون , بەڵکو ڕووە پێچەوانەکەشیان وەرگرت وئێستالەسەردەمی جەنگی سارد زیاترژیان بەرەو ئەو مەترسیانە ڕاپێچ دەکەن کەبریاربوولەگەڵ کۆتایی ئەو ململانێیەتیەدا کۆتای بەوانیش بێت, چونکە ئاشکرایە ئەمڕۆ لەهەمووکاتێك زیاتر چەکی ئەتۆمی کۆکوژی لەبرەودایەو لەبازارەکاندا سەودایی پێوەدەکرێت ولەمەیدانەکانی جەنگ و ململانێیەتیشدا ئەگەری بەکارهێنانی زیاتری پەیدا کردوە , جاران گەر پانزە دەوڵەت بەرەسمی خەریکی بەرهەمهێنان و عەمبارکردنی چەکی ئەتۆمی بوون , ئێستاژمارەی ئەودەوڵەتانەی خاوەن ئەو چەکەترسناکەن زیادی کردوە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەندێك لەرێکخراوە و کۆمەڵە ورێکخراوە توندڕەوە یاساخەکانیش بەدەستی بهێنن , یان بەپێی ڕاپۆرتی پسپۆرانی تەندروستی , لە 80/ ی ئەوکەسانەی کە توشی نەخۆشی سەرەتان دەبن هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ پیسبون و خراپبوونی ژینگە , یان تازەترین بەرنامەی ئابوری وسیاسی بۆنەهێشتنی

هـەژاری کـە سیاسـەت وکـارکردی عەولەمـە بوولەچەندسـاڵی ڕابـردوودا نـەك هـەژارانی وڵاتـە هەژارنشـینەکانی ڕزگـار نـەکرد وجیهـانی نـەکردە ئـەو گونـدە خەیاڵیەی کەباسی لێوەدەکرا , بەڵکو هەژاری و نەداری لەسەردەستیا , تەنانەت شارەپیشەسازیە گەورە کانیشی گرتۆتەوە , بـەپێی ئامارێك کەلەساڵی 1993 دا رۆژنامەی نیویورك تایمز بلاوی کردۆتـەوە , لەنیویورکدا شـەوانە بیست و سێ هەزار کەس لەسەرشەقام و پەناگاکان رۆژ دەکەنەوە و ژیان دەبەنەسەر , کە ئەم ڕێژەیـە دەکاتـە 3٪ی دانیشـتوانەکەی ,بەرنامـەو کـاری ڕێکخـراوە مرۆیـی نێودەوڵەتیـەکان نـەك هەربازنەوتەوقەکـەی گـەردنی خۆیـان پێنەشـکاوە ,بـەڵکو بەرەو پوکانەوەش دەچن, بازرگانی کردن بەکچان و لاوانی کۆچبەرانی وولاتـانی هـەژار نشـین و بـەکارهێنانی مـادە بێهۆشـکەرەکان بەرادەیـەك بـرەوی سـەندوە کەچەندین دەستەو تاقمی مافیایی و دامەزراوەیی و دەوڵەتی چونەتە پشتیەوە و بەهەمووشوێنیکدا بلاوەیان کردوە , سەرپێچی کردنی لاوان لەیاساو توشبوون بەپەتای لامبالاتی و روودانی توندوتیژی بەردەوام بونەتـە دیاردیـەکی ئاسایی و بەرچـاو , بـەپێی ئامـاری سـالانی هەشـتاکان لـە ئەمـەریکا دا لەهـەر سـەد هەزارکەسێك (426) کەسـیان زینـدانی بـووە , رۆژانـە هاوشـێوەی چـەنگێکی ڕانەگەیـەنراو تونـدو تیـژی و بێمـافی کـردن لەبەرامبـەر ژنانـدا لەشـوێنی کـارو ژیانیانــدا بــەردەوام ڕوودەدات و زەق بــووە تــەوەو نکــۆڵی لێناکرێـت , ڕێـژەی لەیەکجیابونـەوەو هەڵوەشـاندنەوەی خێـزان بـەهۆی حـوکم و زۆری بیری پیـاو سالاریـەوە لە چاوساڵەکانی هەشتاکاندا سێبەرابەر زیادی کردوە , بەرتیل خۆری فەسـادی ئیـداری زۆرتـرین دامـەزراوە مرۆییـەکانی گرتۆتـەوە و بەشـی زۆری میدیاو سینەماو مەسەلە رۆشنبیریەکان کراونەتە ئەو عەبایەی کە ئەو دیاردە و روداوە ناشـرینانەی پێپـەردە پـۆش بکرێـت و ئەوبوارانـەش کراونەتـە بـازارو لەلایەن سەرمایەدارانەوە پاوان کراون و بونەتە ئەو دامەزراوانەی کە بـەردەوام لەهەوڵی بەرهەمهێنانەوەی نەسلێکی بیر پیاوسـالاری خۆپەرسـتدابن , بـەردەم سندوقەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان بونەتە ئەو جێگا گاڵتە ئامێزە سیاسیەی

که سالأنه تیایدا شانۆی تراژیدیای بەڵێنە درۆینە ئابوریەکانیان تیادا نماش دەکرێن ودواتریش لەنێودەستەو گروپی خراپ و خراپێکی تردا خەڵك ئەوەندە ئازاددەکەن کەتەنها یەکێکیان هەڵبژێرنەوە , زۆربونی رادەی جەنگەکان و هەوڵدان بۆئەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان بەرەسمی بچێتە پایی سیاسەتی داگیرکاریانە و بلاَوبوونەوەی ترس و نائومێدی لەهەمووجێگەیەك بوەتە کاریکی ئاسایی و مرۆکان هانەدات وایان لێ دەکات تالەبەرامبەر پاراستنی ماڵ وگیانیاندا دەستبەرداری زۆرێك لە ئازادیە سەرەتاییە فەردیانە بن کەلەڕابردوودا بەدەست هاتوون , گەشەی رێکخراوەی کاری تیرۆریستیانەی دژبە خەڵکی مەدەنی وگەرانەوەی شەڕی ئاینەکان وباکورو باشورو سیاسەتی داگیرکاریانەی وولاَتە بەهێزەکان و بەرەسمی ناسین و حەقدان بە فشاری سەربازی وبەڕەسمی ناسینی سیاسەتی ئابلۆقەی ئابوری و بەئاشکرا برسیکردنی خەڵکی مەدەنی ,هەمووئەوانە ئەو مەترسیانەن کەئەمرۆ بەرەو ڕووی ملیاردەها مرۆڤ بووەتەوە , هەموو ئەمانە بەشێك لەو دەرکەوت و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەلأیەتیانەن کە ئەمڕۆی لە دنیای سەرمایەو لیبرالیزمی بازاری ئازادا دەبینرێ وهاتونەتە ئاراوە و نیوەی ئادەمیزای سەرگۆی زەوی بەرەو هەژاری بردوە و تەواوی ئادەمیزادیشی بە خراپی ژینگەو بلاَوبونەوەی نەخۆشیە کوشندەکان و پێکدادانە خوێناویەکان و ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی , لەچاوەڕوانیەکی نا ئارامیدا ڕاگرتوە ولەهیچ جێگەیەکی زەویدا ئاسایش و ئاسودەی بۆ ژیان نەهێشتۆتەوە.

## هەلومەجی نوێ و بزووتنەوەی و نوێ .....

ناعەدالەتی و نابەرابەریەك کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیەو دەبینرێت و بەڕەسمی کاری پێدەکرێت , بەشێکی زۆری پاشماوەی ئەومیراتە کۆنانەی سیستەمەکانی پێش خۆیەتی و تاکوئێستاش تواناو کارکردیان لەسەر ئادەمیزاد ماوەتەوە و بەجۆرێك لەجۆرەکانیش بەرژەوەندی و یاسای سەرمایە داکۆکیان لێدەکات و پشتیوانیانە , هەربۆیە بەئاسانی و بێگۆرانکاری ڕیشەیی لە

بونیادی کۆمەڵایەتیدا کۆتایی بەو دیاردانە نایەت و لەناو ناچن , سیستەمی سەرمایەداری کە پایەکانی خۆی لەسەر چەوساندنەوەو باڵادەستی کەمایەتی و جیاوازی ئەتنی و ڕەگەزی دارشتوە , هەمیشە بارگاوی بووە بەناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و بێچارە سەرلەبەرامبەر ململانێیەتیە کۆمەڵایەتیەکاندا ماوەتەوە و نەیتوانیوەوناتوانێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕو هەلومەجەکاندا چارەسەری ریشەیش بۆ کێشەکان بدۆزێتەوەو خۆی بەردەوام دەبێتەوە بەخولقێنەری کێشەکان, هەربۆیە ناتوانێت بەڕاستی چارەسەرەکان بخاتەدەستوری کاری خۆیەوە , ئەم سیستەمە سەرباری دەستکەوتە زانستی و پیشە سازیە گەورەکانیش هێشتا ناتوانێت بیری بەرابەری ئابوریانە لەواقیع وژیاندا بسەلمێنێت ,بەڵکولەبەرابەرئەوەدا هەوڵدەدات مرۆکان دەستەمۆی کایە سیاسیەکان بکات و بەتەواوەتی بیانکاتە ئەو کائیناتە کۆیلەودەستەپاچەیەیی کەدایانماڵێت لەتوانای ڕەتکردنەوەوشۆرشکردن ,ئەم داگیرکردنەش کەلەڕاستیدا قەساوەتی لەداگیرکاریە تەقلیدیەکان زیاترە و توانای ڕەتکردنەوەوبیرکردنەوە لەمرۆڤدا دەکوژێت , وەك مارکیوزدەڵێت :کاتێکیش مرۆڤ لەناوەوەی خۆی توشی داگیرکردن هات , ئەوابەدڵنیاییەوە ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی بێ چارەو هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لەگەڵ وەزعەکەدا بگونجێنێت جائەگەر ئەم خۆگونجاندنەش بەلەدەستدانی هەست و سۆزو شێواندنی کەسایەتی وپەیوەندیەکانی بێت,ئەم هەوڵە لەتاکەوە دەست پێدەکات تاڕادەی ئەوەی هەموان بکاتە مرۆڤێکی یەك ڕوانگەی تەسلیمکار بەواقیع ,کەئەمەش بە تەواوی ئایدلوژیایەکی ئاڵوسکاوەو لەهەناوودڵی عەمەلیەی بەرهەمهێنانەوە دەسپێدەکات . ئەم شێوە ژیانە, کەسیاسەتێکی ئەقڵانی ئایدلوژیای سەرمایەیە, هەربەتەنهاکونترۆڵی پێویستیە مادیەکان ناکات ,بەڵکولەهەمانکاتیشدا کونترۆڵی پێویستیە فکری مرۆییەکانیش دەکات , بیری یەکسانیخوازی و بەرابەری و بەئارامی ژیان , کە هەرلەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤدا سەری هەڵداوە و بۆتە بەشێکی گەورە لەکلتورو ئاوات و خۆزگەکانی , بەناچار لەگەڵ ئەو سیستەمەدا بەدەر لەتێگەیشتنە

فکـری و ئایدلۆژیسـتیەکان توشـی بـەرەو ڕووبونـەوە ودەبێتـەوە وئاکامـەکانی دەبنە هۆیەکی گەورەو ڕاکێشەر بۆئەوەی ئادەمیزاد توشی بەرەو ڕووبوونـەوەو هەڵوێستەکردنلەبەرامبەر ئەو ژیانەدا بکات , چونکە مـرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت لـەڕووی رۆحـی و جەسـتەییەوە خـۆی تاسـەر لەگـەڵ ئـەو هەلومەرجـەدا بگونجێنێت کەلە ئاوا حاڵێکدا هاتبێتە پێشەوە وبەسەر هەموندا خۆی بسەپێنێ , شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە مـرۆڤ مافی خۆیـەتی لەژیانیـدا هەمیشە لـەوە بکۆڵێتەوە کەتاچەندە دەتـوانێ ئاسودەو بەختـەوەر بـژی و تائـەو پـەڕیش مـاف بـەخۆی بـدات کـە هاوشـێوەی خـەیاڵ وخەونـەکانی بـژی و سەربەسـتانە چـێژ لـەژیان وەر بگرێـت , ئـەم مافـە بـەدەر لەڕوانگـە فکـری و ئایدلۆژیسـتیەکان , مافێکی سروشتی هەموومرۆڤێکەو هـەقی خۆیـەتی هەوڵبـدات بۆبەدەستهێنانی خواستەکانی و ئەورێگەو شێوازانە بگرێتەبـەر کەبـەگونجاوی دەزانێـت وجووت دەبێتەوە لەگـەڵ بیرکدنەوەکانیـدا . هەنـدێك لـە فەیلەسوفە تازەکـان و بەشـیك لەڕۆشنبیرانی ئەوروپی وەك راسل چاکوبی وئیریك هۆبزباوم و ئەدگار موران , بەدرێــژە و نــاوەرۆکی ئــەم بۆچــونانە , دەڵــێن , چــەپی نــوێ و بزوتنــەوە دیموکراتیـەکان لـەم دەورانـەدا خەریکـە تێکـەڵ بەیـەکتری دەبـن چـونکە لـە زۆرهەڵوێسـت و بۆچـونەکانیاندا لەیـەکتری نزیـك بونەتـەوە ! هـەروەها ئـەوان پێیـان وایـە , ئـەم بزووتنـەوە تازەیـەی چـەپ وەك جـاران دەوری رۆشـنبیران و لاوان و خوێنکاران بەکـەم سـەیرناکات و واقیـع بینانەترلـەجاران دەوری ئـەوان دەســەلمێنن , هــەروەها بــەکردەوە ئەوەنیشــان دەدەن ئێســتا نــەك هــەر ئەوگومانانــەی کەسوسیالیسـتە تەقلیدیـەکان لەسـەر ڕۆشـنبیران هـەیان بـوو, بەهەڵـەی لێکدەدەنــەوە , بــەڵکو دەوری ئــەوان بەهەنــد وەردەگــرن و لەگــەڵ رۆشـنبیرانی پێشکەوتوخوازو بزوتنـەوە هەقخوازییـەکانی تـردا ئاوێتـە بەیـەکتر دەبـن , هەربۆیـە بەپێچـەوانەوەی کۆنـەوە چـەپی تـازە لـە هـەوڵی ئەوەدایـە دەورێکی کاریگەرتر لەبوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری وەرزشی دا بگێرن , بییر بـوردۆ لای وایـە لـەم دەورانـەدا لەوانەیـە ئـەوەی کـە پـەنجا کەسـی شارەزایی

سـینەمایی لـەدەرهێنان و نمایشـکردنێکی سـەرکەوتوانەی فلیمێکـدا بتـوانن لەماوەیەکی کورتدا کارکردیان هەبێت لەسەر بەرەو پێشچونی کۆمـەڵ , ئـەوە ڕەنگـە بەچـەندین خۆپیشـاندان کـەزیاتر جێگـەی سـەرنجی ڕۆژنامـە نوسـانە بەدەسـت نـەهێنرێت . ئەوکاتانـەی کـە بینـەرانی سـینەما و شـانۆکان زیاترکریکاری وجەماوەری بوون , بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەریەکانیش گوڕو تینێکی زیاترو بەرچاوتریان هەبووە , هەربۆیە لەبەرابەردا لەساڵانی 1915 دا سانسۆری ئەمـەریکا زەختێکی زۆری بـۆ ئـەو بوارانـە هێنـاو ئازادیـەکی زیـاتری بەخشیە کاری ڕۆژنامەگەری , تـا ئـازادی لەبـەردەم کـاری سینەماو شانۆدا کـەم بکاتەوە , چونکە لای وابوو نیشاندانی ئەو وێنە زیندوانـەی شانۆو سینەما کـە ئاشکراکردنی دەردو مەینەتیەکانی خەڵك بوون , دەبوونە مایەی تـورە بـوون و دروسـت کردنـی بـارگرژی لەناوکۆمەڵـدا . مـاکیوزیش لـەو بـارەوە دەڵێـت: لەسیستەمی سەرمایەداریدا بەپێچەوانەوە کەنامۆبوونی هونەرکەشتێکی دروست و گونجـاوە لەگـەڵ بوونەواقیعەکەیـدا , کەچـی هەسـت دەکرێـت ڕۆچـونەخوارەوەیەك لەهونـەردا هەیـە ,کەخەریکـە نێـوانی خۆیواقیـع کـەمتر دەکاتـەوە وئـەو نێوانەپڕدەبێتـەوە وهونـەر ڕەسـەنایەتی خـۆی لەدەسـت دەدات وتوانـای ڕەتکردنـەوەی نـامێنی و دەچـێتە پـاڵ ژیـانی ڕۆژانـەوخۆی دەداتـە دەستئەقلانیەتی تەکنەلۆژیا . چەپ وسوسیالیستی تازە , ترسـناکی و خەسارەی بەجێهێشتنی ئەو بوارە کۆمەڵایەتیانەیان درك پێکردوە بۆیە ئـەمڕۆ بەچـاوی بایەخـەوە دەروانێـە ئەوبوارانـە و هۆیـە تازەکـانی تـری خـەباتکردن و ئـەو بزووتنەوانەش بەبەشێك لـەخۆیان دەزانـن کـە ئـیش لەسـەر باشـکردنی ژیـان و گـوزەرانی مرۆدەکـەن و دەیانـەوێت سـیمای مرۆیانـە بگێرنـەوە بۆژیـان , بزووتنـەوەی ژنـان کەسەرمەشـقی بزووتنەوەیـەکی هەفخوازانـەی جیهانیـە , چـەپی نـوێ بـەدەر لەڕوانگـە فکریـەکان , خـۆی بەپشـتیوانی دەزانێـت وبەگرنگیەکی زیاترەوە هەوڵی ئەوەدەدات تا ئەم بزوتنەوەیە بەتەواوەتی خۆی لەبزووتنـەوە تەقلیدیـەکان جیابکەنـەوە وهەوڵبـدەن لەهـەموو بـوارە یاسـایی

وكۆمەڵایەتیەکانـــدا داوای مـــافی بەرابـــەری تـــەواوەتی لەگـــەڵ پیاوانـــدا بکـــەن, هەندێك لە لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان وای بۆدەچن , کە چەپی نـوێ بروایـی بـەوە نـەمابێ کـە رادەی شۆڕشـگێڕێتی بـەو پێودانـە کۆنـە بپێوێت کەتاچـەندە لـە بورجوازی خۆی بەدوور بگرێت هێنـدە شوڕشـگێرتربێت , هەربۆیـە کـارکردن و خەباتکردن لە هەمووبوارە جیا جیاکانی ژیاندا بەکاری خۆیـان دەزانـن و لایـان وایـە هـەر ئێسـتا زۆرتـرین هەلومـەرجی پێویسـت لەئارادایـە کـەزۆرێك لـە مافەکانی ژنان وکێشەی بێکاری و هەژاری و داخوازیە ئانیەکانی تـر بسـەلمێنرێن و چارەسـەر بکـرێن , ئەمـە خوێندنەوەیـەش تێپەرانـدنی ئـەو قوناغـە قۆزاخەیـە , کەچـەپی کـۆن بەسـەری بـردو لـەدوایی شورشـی 1917 ی روسیاوەتا ئەم دەورانە خاوەن هیچ پرۆژەو بەرنامەیەکی جدی واقیعیانە نـەبوە بو گۆرینی کۆمەڵ و هـەر لـەنێو ئـەو بازنـەداخراوەدا خولاوەتـەوە کـەململانێ و هەوڵـەکان تـەنها بـۆ ئەوەبوەکـە کۆیلـەو سەردەسـت مرۆڤـی یـەك ڕوانگـە بەرهەمبهێننەوە , چەپی نوێ دەیـەوێت بـیری سوسـیالیزم لـەو بێبەرنامـەیی و دورە پەرێزیە کۆمەڵایەتیە بێنێتەدەرەوەو لەبێ دەنگی ڕزگاری بکات , کە بـەم شێوازی کارکردنەش بیسەلمێنن ونیشانی بدەن تالەواقیع ولەمیانەی کاروخەباتدا سوسـیالیزم لـە سـیما مرۆییەکەیـەوە نزیـك بکانـەوە و لـە ڕوی فکریشـەوە لـەو قەیرانـەی قوتاربکـەن کـە سوسـیالیزم تـەنها وەك بیرۆکەیـەکی بـێ بەرهـەم و لاکەوتە وچوار چێوەیەکی ئەخلاقی لەزەینماندا بمێنێتـەوە , چونکە ئاشـکرایە لەمێژووی خەباتی سوسیالیستیدا , ئەوە زیاتر رۆشـنبیرە سوسیالیستـەکان بـوون کەچەندین کاری دەسپێشخەریان ئەنجام داوە و چـەندین لێکۆڵینـەوە و نوسـینی و شـاکاری ئـەدەبیان لەخزمـەتی بـیری بەرابـەری و ئـازادی و ئاسـودەیی مروڤـدا بەرهـەمهێناوە و بـە کـردەوەو لەڕاستیشـدا خواسـتی بـەجێهێنانی عەدالـەتی کۆمەڵایەتی بوون , چەپی نوێش لەهەمووڵایەك زیاتر شانسی جێبـەجێکردنی بەڵێنەکانی خۆیان هەیە , چونکە ئەوان لەوبوارانەدا هیچیان نیـە تـا لەدەسـتی بـدەن ,دیـارە وەك هربـرت مـارکیوزیش دەڵێـت : گـۆڕینی واقیـع کاروئـەرکی

فەلسەفە نیە , بەڵكو كاری سیاسەتە كەواقیع بگۆڕێ ,مێژووش هەر ئەوانە دروستی دەكەن كەدەتوانن ڕەخنە لەبیرو بۆچونەكۆنەكان بگرن و ئەلتەرناتیفی باشتر بۆژیانێكی باشتر بخەنەڕوو.

## ئەوسەرچاوانەی كەبۆ ئەم نووسینە كەڵكی لێوەرگیراوە:


1-كارل ماركس سيرة الحياة , ستيبانوفا ,دارالتقدم موسكو**1979**

2-مانیفێست بەیاننامەی پارتی كۆمۆنیست ,كارل ماركس ,فریدرێك ئەنگلس وەرگێرانی بۆكوردی جەلال دەباغ 2001

3-ئایدیۆلوژی ئەڵمانی ,كارل ماركس ,فریدریك ئەنگلس , وەرگێرانی بۆكوردی سەلام مارف2001

**-النقريه النقديه عند هربرت ماركيوز ,د.حسن محمدحسن 1993**

5-نهاية اليوتوبيا ,راسل جاكوبي ,وەرگێرانی بۆعەرەبی ,فاروق عبدالقادر 2001

6-بعيدا عن اليسار واليمين ,انطوني جيدنز ,وەرگێرانی بۆعەرەبی شەوقی جلال2002

7-ماركسیزم لەهەزارەی سێ یەمدا, تۆنی كلێف , وەرگێرانی بۆكوردی بژارسەردار2001

8-وانەی ئەم سەدەیە ,گفتو گۆی جیانكارلۆبۆزتی لەگەڵ كارل پۆپەر, وەرگێرانی بۆكوردی شوڕش جوانڕۆیی 2001

9-الدين والثقافة الامريكية ,جورج مارسدن,وەرگێرانی بۆعەرەبی صادق ابراهيم عودة2001

10-روح الزمان,سێ بەش ,ادغارمران ,وەرگێرانی بۆعەرەبی ,د.انطون حمصي1995

11- عصر النهايات القصوىسێ بەش ,ئیریك هوَبزباوم , وەرگێرانی بۆعەرەبی,هيشام الدجاني1997